# کەس وەک من تۆی خۆش ناوێ

سەحەر رەسایی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# کەس وەک من تۆی خۆش ناوێ

## کورتە چیرۆک

نووسینی: سەحەر رەسایی



ناوی کتێب: کەس وەک من تۆی خۆش ناوێ – کورتە چیرۆک
نووسینی: سەحەر رەسایی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٤١
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد حەمید
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل – لوتفی عەبدولفەتاح
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم ، هەولێر– ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٩٦)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

بۆ: هیوا قادر

بەصحرا شدم، عشق باریده بود و زمین تر شده، چنانک پای مردم به گلزار فرو شود، پای من به عشق فرو می شد

**عطار**



## سوپاسی

هاوڕێی ئازیز فەرزادی میر ئەحمەدی ئەکەم کە میهرەبانانە چیرۆکەکانی خوێندمەوە و یارمەتی دام. سوپاسی کەژاڵی رەسایی ئەکەم، ئەو ژنەی بۆ یەکەمجار لەگەڵ کتێب ئاشنای کردم. سوپاسیان ئەکەم لە هەر کوێ بن.

**سەحەر رەسایی**

# چاوچنۆک

خۆر دەمە دەمی خۆ پیشاندان و خۆ نواندنی بوو. لەناو جێگەکەیدا ئەتلایەوە. "چارشێوی چکۆلە، سێو، هەڵووژە، هەنار، خرخاڵ، گوارە، ملەلیرە، جلی جوان وەک هی جەژن، شووتی"... تلێکی دا "ژوورێک پڕ ئەکەم لە بووک، بووکی قژ ڕەش هەر وەکو خۆم، نا نا... با لە خۆم نەچن. ئەها گاڵتەم پێ ئەکەن و ئەڵێن چاوچنۆکی قژ هاڵیکۆک". هار بوو، ژنانی کۆڵان ناویان نابوو ئەژدیهای حەوت سەر. ئەوەندە هار بوو چاوی ماری دەرئەهێنا" دایکم ئەڵێ: "نینۆک مەجوو، بەکوڕەکەی دادە لیمۆ مەڵێ حەمە قۆپچە، بەخاڵۆزا داماوەکەت مەڵێ جەزا بێ قەزا، دۆینە بخۆ و کەلانەیش، مێروولە مەکوژە". ئای کە ڕقم لێتانە، خنە خنکەری قۆڵ باریکانە. "بیری لە دایکی ئەکردەوە کە چۆن ئەیشوات" توند توند دەست ئەخاتە سەر و قژم، هەر پێی ئەڵێم چاوم کوێر بوو نەختێ ئاوی پیا کە، یان ئەڵێ "جا کوا ئەوە شانسی من نییە" یان "وس بە گەڕبووی وا نەبێ پاک نابێتەوە، سەردەستەکانت ڕەقەڵەی کردووە و زیرگت دەرداوە". شەرت بێ لە ڕقی دایکم شوو بکەم بەباوکم. هەڵئەسێت و دائەنیشی، ئەڵێ "حەوت شووکەرە، بەخوا لە حەوتماڵەوە بەرەو باوان ئەبیتەوە" هەر وا ئەکەم، جا من لە دایکیشم جوانتر و مناڵترم. جا باوکم ئەڵێ: "چایی بۆ بێنە، نانی بۆ بێنە، کچەکە مناڵە، وردە وردە فێری کە" منیش باوکم لە دایکم پڕ ئەکەمەوە. بیستوومە ژنی بچووک خۆشەویستە و قسەی ئەڕوات. وا ئەکەم و دوایی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرئەچم" بانگی عەسری دابوو کە لە پەنجەرەکەوە سەری هێنابووە دەرەوە. ڕووەو ئاسمان بەگریانەوە ئەیوت: "ئەی قەزات لە جلەکانی جەژنم کەوێ، لە دایکم و حەمە قۆپچە و جەزا بێ قەزا، لە دنیا، لە خەڵک، لە ترشی و مژمژە و لە براکەیشم کە هێشتا دایکم نەیبووە، لە خۆشم. دڵیشم نایەت، بەڵام قەینا



قەزات کەوێ لە هەر شتێک خۆشم ئەوێ و لەبیرم نییە بیڵێم. با ئەمان نەزانن، دەم شڕن، جاڕ ئەدەن، خۆ لە تۆ ناچن، خوا خوایانە، بۆ قسەیەک. ئیتر هەرگیز وا ناکەم، تەنیا ئەمجارە بەکەس مەڵێ. خوایە گیان من و حەمە و جەزا گوومان خوارد لە گووی سەگە حەرەحەرە ڕەشەکان، دوور لە خۆشمی تیا نەبێت، ئەستەغفیرەڵڵا". سەیرێکی ناو حەوشەکەی کرد، کەسی نەبینی. هەتا هێزی تیا بوو توێکڵە گوڵەبەڕۆژەکانی فڕێ دا. هێندەی پێ نەچوو هەوری بەر پەنجەرەکە لاچوو، پێکەنی و وتی: "کوڕە خۆ ئەمزانی پیاوە خاسەی بەقوربانی کەوشە شڕەکانت بم". دایکی بانگی کرد ڕۆڵە وەرە خوارەوە ئێستا بانگ ئەدات.

٧٧/٥/١٣

## (...)

ئەمڕۆ من بووم بەو، ئەو بوو بەمن. کردمیان بەڕەسم و کەسیش نەیزانی. ترساوم، خوێناویم، ڕقم لە گریانە، کەس نەیناسیم. ترسی ئەوەم بوو... نەمزانی کێ وتی: "ئەوە بۆ لە بارەی خۆتەوە نانووسی، بەخوا بەزەییم بەڕۆحتا دێتەوە". تابلۆکەی داگرت و دەمەونخونی کردەوە" لە خۆم ڕا ئەکەم، ئەمیش بەم گریانە ئەوەنەی تر کەللەییم ئەکا. نەنکم یا حەز لە سپێتی تەواو ئەکات یان نیللییەکی تاریک تاریک. قەرارە دەرگاکە دابخەن. یا هیچم ناوێت یا زۆرم ئەوێت. ئەو پڕ دەستیشی خۆری بۆ نەئەهێنام" چەرچەفەکەی هێنا، بەرگە پشتییەکانی قەد کرد، سملّ و مێخەکەکەی لەسەر دانا و وتی: "کە دایان بەخۆیانا با بۆنی خۆش بێت. سەیرە ڕقم لەو ژنەش نییە. نازانم کێ بوو وتی: "وا بڕوا تیا ئەچیت، چەند جار بلّێم ئاگات لە گولّەبەڕۆژەی ڕۆحت بێت تا جوان پێ نەگات، منالّە ورتکە داینەتەکێنن!" گولّەبەڕۆژەکان پووچ بوون؟ من لێم نەخواردوون، لەوانەیە ئەو بزانێت. ئای باوکم کە ڕقی لە ئاسمانێکە کراسی ناو بوخچەیشی ڕەش بێت یا نیللی فەرق ناکات. ئەلّێ: "نازانم بۆ کە سەیری ئاسمان ئەکەیت، لە کەس ناچیت. هەندێ جار وا ئەزانم ئاگرێکی گەشاوەی سەرشێتی، زۆر کەم لە مردوو ئەچیت". دوو مانگە پێئەکەنێت و ئەلّێ: "شەوانە دوای گەڕانەوە لە دیداری ئەو شتانەی بەخەو نەبێ نایانبینم، بۆت ئەگریم، چونکە زۆرت ماوە گەورە ببیت. کە گەورە بوویت خۆت ئەبی بەبووکی یاری مالّە باجێنەی ئەو پیاوانەی لە مێروولە ئەچن. ئیتر خەو بەکۆلارەوە نابینیت." دەستی هێنا بەسەر بەرگە پشتییەکاندا، چاوی نووقاند. منالّێکیان بوو ناوی ئەمیان لێ نا. هەستایە سەرپێ، دەرگاکە داخرابوو، ویستی بگەڕێتەوە، شەرمی کرد. هەنگاوەکانی توندتر کردەوە، هەنگاوی بەسەر پیاوەکاندا نا. ڕووی تێ کرد و وتی: "من



بەدبەختم، تۆ لە من بەدبەختتر. چەرچەفەکەی پێچایەوە، خەیالّ زوو زوو بەرۆکی پێ ئەگرت، ڕێحانەکانی دانا. ناردی بۆ ئەوەی کە خەوتن بیدەن بەخۆیاندا. دوای پێکەنینەکانی ئەگری، کەس نازانێ بۆ خۆی، بۆ ئێوە یا بۆ من و دنیا ئەگری. حەزم لە کۆلارەیەکە پەتەکەی درێژ بێت و نەترسانە لە ئاسماندا بەڕەلّلای کەم، بێ ئەوەی ترسی ئەوەم بێت بپچڕێت یا لە مالّێکی بەرز گیر بکات یا ئارێلێک بیپچڕێنێت. ئەلّێ: "گەورە مەبە، پیاوی ناومالّە باجێنەکانی منالّی، شەڕانی نین، بەگوێت ئەکەن. تەقەی دەرگاکە نایەلّێت قسەتان بۆ بکەم، ئەو پیاوانەی ئەمناسن، گیرفان و دەستیان پڕ کردووە لە خۆر. ئای لە من، تەنانەت ئەگەر... خۆریشم لا خۆر نییە... دەرگاکە کرایەوە.

# یاربوونەوە لەگەڵ سێو

ئەوە بۆچی بۆ سێوێ وات لە خۆت کرد؟! خالّم ئەڵێت: "خەتای تۆ ناگرم، ژن هەر حەز لە دزی ئەم ترش و تاڵییانە ئەکەن، وەک بزانی سێوی دزی خۆشترە؟" بێ دەنگم، بەڵام ئەزانێت ئەمەوێ بڵێم "لەوانەیە، نازانم". هەموو لەشم شین بووەتەوە. هەموویان بەسەرسامی سەیرم ئەکەن. لەوانەیە دەرم کەن. زۆر نەخۆشم، خواوەندیش سەری لێ شێواندووم. دزیشم، بەس بەقەدەر نەفسی خۆم دزیم کردووە. خالّم ئەڵێت: "ئەی کوێرەوە بن، نەفستان کوێرەوە نابێ" هەموویان پێیان زانیم، لەبەر سێوێ وام بەخۆم کرد. هەستا و شانەکەی هەڵگرت، سەر پەلکەکانی کردەوە و چووە بەر ئاوێنەکە" قژم چەند ڕەشە، ئەم ڕەشییە مەعصومییەت و پاکیمی لەناو بردووە، ڕوخسارم لە ڕوخساری کچێکی گوناهبار ئەچێت" مقەستێکی هێنا و قرتاندی، پەلکەکانی خستە ناو لەچکێک و هەڵی گرت و ڕۆیشت. ئەم پاییزە چەند پەلەیەتی، من هەرگیز پەلەم نەبووە." هانێ وەکو (زۆربا) بیکە بەسەرین. بەڵام قژی هیچ کەسی کەی تێکەڵ نەکەی. پرسی: "هەمووی ڕەش بێت؟" لەو کاتەوە هەموو ساڵێک دووجار پەلکەکانی لەبن و بێخەوە ئەقرتێنێت، ڕەش، زەرد، قاوەیی، شەڕابی، خورمایی، ڕەش لە هەمووی زیاترە، بۆی ئەنێرێت.

دڵیاو ئەڵێت: "ئەوە دادە سێوەکەت خوارد؟ خەفەت مەخۆ، بەخوا منیش سێوم دزیوە وەلێ وەکو تۆ نەکەوتوومەتە خوارەوە. دادە چیت لێ کرد، بۆ ناوێری بێژیت؟" ئەوەندە کەوتوومەتە خوارەوە پیاوەکانی دەوروبەرم پێم ئەڵێن: "تۆ لە شەوە ئەچیت، ئەترسین بمانگوشیت، ئەی ژنە سێوخۆرە دزەکە." نازانم بۆ وا ئەڵێن، کەی هەر من خواردوومە؟!

٧٨/٦/٣١

# یەک

سێ منالّی هەیە، باوکی کەسیان ناناسێت. سەیرکردنی دوێنێی ئەتپڕووکێنێت لەجیاتی چاو دوو خەلّووزی گەشاوەی هەیە و وەخت و بێ وەخت ئامادەی گۆشت برژاندنن. دیارە شتێک ئەقەومێت، ئەبێ شتێک ببێت بەرەو بوون راتبکێشێت، ئەگینا بوون بەبێ بوونە.

خۆیشی نازانێ کامیان زۆرتر لای ئازیزە! ئاوێنەی ئاوێکە، هەر رێبوارێ تینووی بووبێ لێلّی کردووە. وتی: "هەمووتان خۆزگەتان بەخۆم، لە هەمووان تاوانبارترم، تۆزێکی تر بالاّ بکەم، شانم ئەدا لە شانی شەیتان. بەتەمام لەمەولا بزانم باوکی مندالّەکانم کێیە؟ لەوە ئەچێت چوارەمیانم لەوانی تر خۆشتر بووێ. بەلّێنی داومەتێ شەوێک لای من رۆژ بکاتەوە" ئێستا بۆ ئەوە داماوە چ ناوێ لە منالّەکەی بنێت. ئەم ئافرەتە زۆری حەز لە لێلّییە. زۆر لەبیری ئەوەدا بووم ناوێک بدۆزمەوە کە بۆ کوڕ یا کچی شەیتان باش بێت.

وتی: "گەنم و جۆ سک ئەکەم، ئەمجارە کچم ئەبێت".

# دڵەڕاوكێ

دەمانچەكە دێنیت، ڕەنگەكان وازت لێ ناهێنن. "حەیفە تۆ لە تابلۆكاندا ئەسیر بیت، بیشكێنە" وردە شووشەكان كۆ ئەكەیتەوە، ڕەنگەكان وازت... وەرە و لە شیعردا ئازادانە بای باڵی خۆت بە و هەر بێ و بڕۆ.

سەرلێشێواو ئەتەوێ بڕۆی، لە ناكاو شووشەكان قاچت ئەبڕن، هێزی ڕۆشتنت نییە، هەست بەڕەهایی ناكەی. خوا ئەیزانێ دوای ئەمەیش ئەكەویتە ناو چ گێژەنێكی ترەوە. دەمانچەكە هەڵئەگریت، با هەمیشە پێت بێ، فیشەكێك بۆ خۆت و فیشەكێكیش بۆ ئەو كەسەی بیەوێت لەمەودوا ئەسیرت كات. هەنارێك لەت ئەكات و ئەڵێ: "با جارێ ئەمە بخۆین، دواییش خوا گەورەیە. یا یەكتر ئەكوژین یا....

٧٨/٨/١٤

## (...)

پارچەیەک گۆشت دایچڵەکاند، وای زانی مشکە، کە چاوی کردەوە قاچی منداڵەکەی بوو. ئاسمان پڕ ئەستێرە و گەش بوو. ئەتوت چاوی هەموو کچە قەرەجەکانی دنیات هەڵکۆڵیوە و پژاندووتە بەئاسماندا. ئەستێرەی لە خۆی خۆشتر ئەویست، گیانی بەئاسمانێک و ئەستێرەکانی بوو. زستانان نەئەچووە دەرەوە، ئەیوت ئاسمانی زستان لە زەلامی بێ سەر ئەچێت. قاچی منداڵەکەی دیسان جووڵا، چراکەی داگیرساند، هێزی تیا نەما، لێوی وشک هەڵگەڕا "بستێکی تری ماوە بگاتەوە بەمن تازە..." دڵی گوشرا، بەتووڕەییەوە لای کردەوە بەولاوە، دوو سێ تاڵ قژی سپی لە لا جانگی ژنەکەیدا بینی. سەری هەڵبڕی، چاوی کچە قەرەجەکان مەحف ببوونەوە. تەنیا مانگێکی بینی، بێ ڕەحمانە دەمی پان کردبووەوە و بەپیرییەکەی ئەم پێئەکەنی.

٧٨/٥/٣٠

# جادەی ژنە لە خوا نەترسەکە

یەکێکیان حەز لە تەکاندنی شەوگار ئەکات و بەین بەین بانگم ئەکات: ئاهوو... ئاهوو. من ئەوەندەی تر یاخی ئەبم و لە هەردەکـــاندا بەدوای حورمەتی ونبووی ژندا ئەگەڕێم.

یەکێکیان قژم ڕائەکێشێت و خۆی تۆزێ کۆ ئەکاتەوە و ئەڵێت: (وێرانت کردم، وێران بیت) هەموو گیانم دێشێت و بیرم ئەڕوات بۆ لای هابیل و قابیل و کوشتن و خەوتنیان، هەست ئەکەم دنیا بیابانێکە و من ئەبێ دابەش کرێم. دابەش کرێم وەک خاک، وەک شەمامە، وەک باران. ئەمەیان کە زوو زوو بانگم ئەکات ڕەش مار، وەک خاک حەزی لە داگیرکردنم بوو، وەک شەمامە حەزی لە کەندنەوەم ئەکرد، وەک باران لەژێر فرمێسکەکانمدا ڕۆیشت و تەڕ بوو. دوایی پێکەنی و وتی: (تۆ خاکی بەڵام داگیر نەکراو. حەز لە خوێن ڕشتنی پیاو ئەکەیت) یەکێکیان ئەمرێت و ئەسووتێت هەر بەهەنار دێمە بەرچاوی، خەونەکانیشی سوورن، لە شیعرەکانیدا ئەنووسێ سووری بەیانی هەناسەکانم هێواشتر ئەکات.

هەرچی ئەکەم لە حەنای ئەمەیاندا هەر ڕەشم. غەمگینانە ئەڵێت "بەیانی تۆ پێم ناڵێیت بۆ هەمیشە لە شەودایت؟" ئەم دووانە بۆ خۆیان ئەژین و ئەیانەوێت دڵتەنگییەکانیان بلاوێنم، بەڵام لێم ئەترسن و قەرەم ناکەون. ئەمەیان کە غەمگینانە قسە ئەکات، بەدەست خۆی نییە، چەند جار چاوی هەڵکۆڵیوە و هەر بەڕووتی خەڵک ئەبینێت. بەقسەی خۆی کاتێ زۆری خۆش ئەوێم پێم ئەڵێ "پەری دەریایی، ماسی" بێ دەنگ بن، بانگم ئەکەن "ڕەش مار..." ئەمەیان ئەمبات تا سەرەتا، تا پووچی و حەز لە شەو نەکردن. من ئێستا بێ دەست و قاچ ڕەش مارێکم هەرچی ئەکەم ناتوانم بدەم بەخۆمەوە. کە بانگم ئەکات ڕەش مارەی چاوشێت، دەنگی لە مۆسیقا ئەچێت، کە نزیک ئەبمەوە ئەژدیهایەکە و ئەمترسێنێ لەوەی کە ڕۆژێ، دوا



جار ئەمکوژێت. گێڕایەوە، جارێکیان لە غەریبیدا خەوی بەڕەش مارێکەوە بینیوە و دەمی ناوە بەدەمییەوە و تێر گریاوە چاوی سوور ئەکات و ئەڵێت: "ئەی لە بارەی خۆتەوە چی ئەنووسیت؟ بنووسە کە خاڵ و خەتی زۆرت تیایە، حەز ئەکەیت پیاو وەک ڕێحانە ڕەشە بکەی بەلەچکە ڕەشەکەتەوە و دوایی کە بۆنیان نەما لە لەچکەکەتیان بکەیتەوە. بلێ وام لێ هاتووە لەجیاتی ئۆکسجین عەشق هەڵئەمژم، دەنگی تفەنگ دێت (ئاهوو، ئاهوو) کەوتووەتە دوام، ئەڵێ: "ئاهووەکان نازانن گوناه بکەن، ئەبێ ناوێکی ترت بۆ بدۆزمەوە." من ئێستا ژنێکم سەرم مارە و مل و سینەم هەنار، ڕانم پەری دەریایی. ئەوەیان کە ناوی ناوم ئاهوو، ئەوەشیان کە ئەڵێت ڕەش مار، لەسەر چاوم شەڕیانە. یەکەمیان ئەڵێت: "چاوت مەعصومە و ئاهوویت"، دووەمیشیان ئەڵێت: "چاوت شێتە و دڕندەیە و ڕەش ماریت." من ئێستا ئەتوانم هەموویان بەدەستێ بخنکێنم، کە دەستی خۆمە. هەموویان بکەم بەجادە و بەپێیەک بڕۆم بەسەریانا کە پێی خۆمە. ئەو ژنەی کە من بیناسم و شەو و ڕۆژم لەگەڵیایەتی، ئەمە قسەی هەموو ساتێکیەتی "من ئەوەندەم پیاو خۆش ئەوێت کە بهێڵێت و بتوانم بڕۆم، جادەم لە پیاو خۆشتر ئەوێت. ئەوەندەم خۆش ئەوێ کە خۆی بکا بەجادە و بلێ بڕۆ و گەورەتر بە ئەی ژنە لە خوا نەترسەکە.

٢٠٠٠/٣/١٨

( ... )

زریکەیەک ئەکەیت و گلۆپەکان دائەگیرسێنی. ڕائەکەیتە بەر ئاوێنەکە، چ بەدبەختییەکە، هەرگیز باوەڕ ناکەیت، کوڕە لەوانەیە ئەمە خەونێکی بێ سەر و بن بێ، دەستی پێ دادێنی، منیش باوەڕ ناکەم، هەر خەونە. گەر دایکت بزانێ، ئەڵێ: "بخەوە ڕۆڵە، نەموت شەوی جومعەیە و پیاز مەخۆ با خەوی خراپ نەبینی؟" لەوانەیە دز هاتبێ و... کێ ئەیبات، بۆچییانە؟ زۆریش کورت بووەتەوە، بەهەر کەس بڵێم، پێم پێئەکەنێ. باسی شێتیت کرد، با شتێکت بۆ بگێڕمەوە. ڕۆژێک لەگەڵ هاوڕێیەکما بووم، لە دەمم دەرچوو وتم حەز ئەکەم لە داهاتوودا وەکو فەتانە شێت ببم. زۆری وت تا تێمگەیەنێت ئەو وای مەبەست بووە، پاڕایەوە ئەمە بکەم بەچیرۆک. وتم: دەی باشە تۆ ببە بەفەتانە و لێم گەڕێ. بیرت لەم دزییە نەکردبووەوە، کوڕە بۆچییانە بخەوە. ئەوەندەیان بردوویتە لای ئەم مەلا و لای ئەو شەخس، ئەوەندەی تر پەکیان خستوویت. هەموو دکتۆرەکان وتوویانە "خەفەت دای وەشاندووە" خەفەت چی ناکا؟ گوێ بەقسەی نەنکت مەدە. جنۆکە؟ چی؟ ئەڵێت، لە چوارشەممەدا خۆت شتووە و تەنگی شێوان بووە؟ ئەوەندە بیری لێ مەکەرەوە. سەرت دێشێ، بگری بەشکم تۆزێک سوک ببی. خۆزگە نەئەمردیت، زۆربەی ڕۆژنامەکان نووسیویانە: ئەو کچەی کە شەوێک بەزریکەیەکەوە خەبەری بووەوە و بینی پەلکەکانی نەماوە و زۆر گەڕا و دواییش دڵی پیس کرد و وتی "دزیویانە" هەڵبەت ئەم بیرە نووسەرێک خستیە مێشکی. دکتۆرەکان وتوویانە پاش نەمانی قژی، تووشی نەخۆشییەکی سەخت بەناوی "ئەفسوردەگی شەیدایی" بووە و تا قژی درێژ نەبێتەوە، زۆر بەگران چاری ئەکرێت. نوشتەی شەخس و مەلاکان کاری تێنەکرد، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ گیانی بەخشی بەژنە پەلکە درێژەکانی دنیا، تکایە ئاگاتان لە سەر و قژی خۆتان بێت، شەوانە دەرگا و پەنجەرەکان



دابخەن و لەچکەکانیشتان لە کاتی خەودا لامەبەن و پیاوان بەدز مەکەن. دەروونناسەکان بەحکومەتیان وتووە: "نووسەری ئاوا بۆ ئەوە باشە تیزابی پیا بکەن" ڕۆژگار هاوڕێکەمی کرد بەفەتانە و ڕۆژێک پیاوێک کە بینیبووی لەبەر باراندایە و خوساوە، بردبوویە ماڵەوە، کاتێک ئەچێتە ژوورەوە، دوو پەلکەی ڕەشی درێژ ئەبینێت گیراونەتە شووشە. فەتانەی هاوڕێم زۆر بەژیرانە ئەڵێت: "زۆرت خۆش ئەویست؟ دڵت بەساحێبی ئەم پەلکانەوە بوو؟". فەتانە وتی: دوایی سوژدەی برد بۆ پەلکەکان و خەوی لێکەوت. وتی: "من ئەگەر شێت نەبوومایە ئەم چیرۆکەم لە زمانی پیاوە ئاشقەکەوە ئەگێڕایەوە" وتی: "خۆزگە شێت نەئەبووم زۆر کاری تریشم ئەکرد" "خۆزگە تۆ هەرگیز پەلکەت نەئەبوو. فەتانە وتی: "ژنەکانی ئەم سەردەمە لە ترسی پیاو حەز لە جوانی ناکەن، من شێت نەبوومایە، هەموو پیاوەکانم ئەکوشت، زۆریان بۆ هێناوین".

٧٨/٩/١

# مەرگی سێبەرەکان

## بۆ شەهلا

ئەمە چیرۆکی سووتانە لە سەهۆڵبەندانی لەزەتدا (سەفەر هەمیشە حەکایەتی هاتنەوەی تۆ بوو، نەبوو؟) (*)

ئەمە قسەی سەید عەلییە. کەس حەز لە سووتان ناکا، بێجگە لە تۆی دوور نیگا، ئەمەیان هی خوشکە گەرمەکەم بوو. تۆیش حەز ئەکەیت لە سەفەرەکانمدا بخەوم. گەڕەکە تاریکەکەمان هەموو کاتێ پێم ئەڵێ: "کە تۆ ئەبینم ترسم لە بەردی دارلاستیکی منداڵە چەتوونەکان ئەشکێ، هەرچەندە گلۆپەکانیشم بێننە خوارەوە". بەینێکە هەست ئەکەم خەو بۆتە گراوی مەرگ. بڕۆیت و بمریت زۆر ناخۆشترە لە مردنی ئاسایی. ئەمەیان پێناسەی شێتی کۆڵانەکەمانە بۆ سەفەر. من لەم ڕۆژانەدا ڕۆیشتم و مردم و داوێنی کراسە وەنەوشەییەکەم گڕی تێ بەربوو، پێشیان وتم ئیتر تا هەم فەرزە لەسەرم کراسەکانم ڕەش بن، ڕەشتر لە ئاسمانی بێ خواوەند و ناشیرنتر لە ماچێک بەیادی کەسێکی ترەوە. هەمووشیان یەکی بەردێکیان تێگرتم، گرتیانە دەستم. سایەق پاسەکە وتی: "نەموت مەیە ڕەجمت ئەکەن" پێم ئەڵێ لەوانەیە دایکت کاتی تۆ بێزووی بەهەنار و سووتووی جگەرەوە کردبێت، بۆیە..." پێم وت: "دوورکەوە لێم با پێ نەنێم بەسەر سێبەرەکەتدا" وتی: "تازە خۆ تەڕ بووە" وتم: "سێبەری تەڕیش دنیایەکی هەیە و با نەیکوژێن" وتی: "کەسێک کە دایکی بێزووی بەهەنار و سووتووی جگەرەوە کردبێ، ئەتوانێ هەموو سێبەرە تەڕ و وشکەکانی دنیا بکوژێت. خەریکە ئەمرێت".

٧٨/٧/٢٧

(*) دێڕێک لە شیعری سەید عەلی ساڵحی.



# (...)

یەکێکیان وتی: "کێ ماسی باش ئەناسێت؟" یەک دووانێکیان دەستیان بەرز کردەوە: "ئێمە بەقسەی خۆمان نەبێت ماسیناسین". ویستی بڵێت: "منیش زمانی ماسی باش ئەزانم" چ سوود. هەموویان بەدەوری ئاگرەکەدا وەستابوون. ماسییەکیان هاتە زمان: "ئێمە لە زریباریشدا ئاگرمان تێ بەربوو. چش بەس نییە لێرەیش پێکەوە ئەسووتێین. هەموویان دەست و دەمیان شۆرد.

٧٨/٨/٥

# (...)

یەک و دووی دڵی خۆی کرد ویستی بڕوات ماسییەک بگرێت تا بەس باسی زەریای بۆ بکات و ئەمیش ئەوەندەی تر لە ماچی ماسی و خولیای ئاودا سوێی بێتەوە. ئەم پیاوە بەهەر کەس گەیشت باسی ئەمەی بۆ کرد: "ئای ماڵی نەوێرانم ڕۆشتم ماسییەک بگرم، تا سەیرێکی ئاسمانم کرد و تاسەم لێی شکا، ماسییەک گرتمی".



# تاریکی

گوڵە سوورەکانی پەڕە پەڕە کرد، زەمیلەکانی پڕ کرد لە سێو و گوڵە سوورە و هێنای، خستیە ناو ئۆتۆمبیلەکە. لەناو قەبرستانەکەدا ئۆتۆمبیلەکەی وەستاند. تا گەیشتە لوتکەی کێوەکە حەوت چین عارەقی دەردا. زەمیلەکانی تل کردەوە. بەجارێک سێو ڕژایە خوارەوە. زۆربەیان ئەکەوتنە سەر قەبرەکان و لای سێوە سیسەکانی ڕۆژانی پێشوو ئەگیرسانەوە، هەندێکیشیان بەرەو شار ئەچوون. زەمیلە گوڵەکانیشی بەرز کردەوە. با بردنی و لە ئاسمانی شاردا هەڵفڕین. گەڕایەوە ئۆتۆمبیلەکەی ئیش پێ کرد. بیری لەوە ئەکردەوە کەی ئەتوانێ بەلەش فرۆشی فڕۆکەیەک بکڕێت بۆ ئەوەی سێو بگات بەهەموو ماڵێک و کەس بێ بەش نەبێت. چش لە گوڵەکان با ئەیبردن.

قەبرستان، تا هەفتەیەکی تر بەڕۆژیش تاریک بوو. ئەم ژنە هەفتەی جارێ ئەهات و سێو و گوڵی بەسەر شاردا ئەڕژاند. ئەم ژنە لەش فرۆشە پارەی پیاوانی شاری بەم جۆرە خەرج ئەکرد. تەنیا هیوای ئەوە بوو بتوانێت فڕۆکەیەک بکڕێت. کاتێک ئەگەیشتە ناو شار و سێوە سوورەکان و گوڵە سوورەکانی بەدەست خەڵکەوە ئەبینی، لەتاو لەزەت هەموو گیانی ئەکەوتە لەرزین و دوایی خەمێکی قورس ئەیبردەوە، لەبەر خۆیەوە ئەیوت: "ئەترسم بمرم لە دوای من شارەکەمان بۆنی مەرگی پیاو کاس بکات، کەس بیر لە هیچ شتێک نەکاتەوە جگە لە گوناه".

٧٨/٩/٢٨

# ئەم پیاوە شێتە، ئەم پیاوەی من

ئاوێنەکە دائەنێیت، هیلاکی مانای نییە، دەست ئەخەیتە سەر برینەکان، هەناسەکانت لە برینەکانت قوولّترن. حەز ئەکەیت لە تاریکیدا ون ببیت، تەنانەت چاویشت بووە بەبرین، نازانم چۆن ئەم شتانە ئەبینیت. دەستت لە مەمکت ئەکەوێت، ئافرەتی بێ مەمک چەند ناشرینە، لە ئاسمانی بێ مانگ و ئەستێرە ئەچێت. یەکجار وتی خۆشم ئەوێیت، پارچەیەک گۆشت بوویت و بۆ ئەو دنیایەک لە فڕین. چەند ساویلکە بوویت. جارێک وتی دوانزە ساڵتە بێ کەم و زیاد. ئاوێنەکە هەڵئەگریت، بەپەلە دای ئەنێیتەوە. قۆپچەکانت ئەکەیتەوە، ڕەش بۆتەوە. بەرگەی ناسینێکی تر ئەگریت. وا ئەزانی جامێک باراناو داتئەمرکێنێ. وتی: "من لەو شێتانەم کچان بەماچیانا ئەناسمەوە تۆیش لەو ژیرانەیت حەزە ساواکانت سەر ئەبڕی و بەشانازییەوە خۆت بەحەیا و حورمەت ئەناسێنی" هەر ناوی ماچت برد برینەکان کولانەوە. بیری ئەوەی کە باران نابارێت، باڵت شکاوە کەس ناتناسێت، لە پەسا مووچڕکت بەلەشدا دێنێت. ئاوێنەکە ئەشکێت تۆش لەو شێتتریت، پەت پەتی دنیات پێ خۆشە بەو مەرجەی تەنیا بتناسێت.

٧٨/٣/١



# پەنجەرە

خوایە غەرقی ڕەحمەتمان کەی، غەرقی نوور و عەشق. (خێرتان ئەگات ئەمنەم بۆ بانگ کەن. ئەمنە گیان)... لەترێکی ئەدا و ئەکەوت، سووتاندی، جوان و جەحێڵ، شەوەکانی بێ چرا و لەشی بەهەشتێکی بێ وەعدە بوو. چش لە سووتان، شەوی بێ نوور لە بەینت ئەبات. ئەمنە غەرقی خەم، مێژووی تاوانی پیاوێک بوو. چای لێ ئەنا و لە بەرزاییەوە چاوی ئەبڕیە ناوچاوی و بێ دەنگ وێنەکانی ڕابردووی لە مێشکدا ئەکێشایەوە. سەری لێ شێوابوو نەیئەزانی کام ڕەنگانە ڕاستگۆترن و خەمەکانی پڕ لە ڕەنگ پیشان ئەدەن. ئەپاڕایەوە "بمبەخشە" دیسان بێ دەنگ سەیری وەرینی گەڵاکانی ئەکرد. بیری لەوە ئەکردەوە وەکو گەڵاکان بەکرچ و کاڵی غەدری لێ کرا. چاوی ئەنووقاند و ئەی قیژاند: "ناتوانم". تەسبیحەکەی هەڵئەگرت و دەستی ئەکرد بەئەستەغفیرەڵڵاکردن: "خوایە غەرقی ڕەحمەتمان کەی، غەرقی نوور و...". بەسەر پێوە خۆی نەئەگرت، ئەیوت: "ئەمنە دەستم دامێنت بمبەخشە با گیانم دەرچێ ئەمنە گیان". پاش تەمەنێک پاڕانەوە دەستی ئەکرد بەگریان و بەگۆرانی وتن. دەمی لار بوو، دەستە دەستە خەڵکی ئەنارده لای و ئەیوت بلّێن: "کراسە سپییەکەی لەبەرکات و بێت بۆ لام و تاوانەکان لە ماڵەوە بەجێ بێلێت، بەس تەنیا بێت و نەختێک بملاوێنێت با زیاتر ئاگرم تێ بەربێت. پێی بلّێن: "من ئەوم سووتاند و ئەو دنیا و قیامەتم، پێی بلّێن... هەرچی حەز ئەکەن بلّێن، دڵی نەرم و ڕوانینەکانی گەرم کەن." بلّێن: "خوا غەزەبی لێ ئەگرێت، بلّێن خوا پێی خۆشە بمبەخشێت." بەدەم قسەکردنەوە ئەگریا و خەو ئەیبردەوە. هەڵ ئەستا و لە ماڵە بەرزەکەیەوە سەیری ماڵە نزم و تاریکەکەی ئەوی ئەکرد. بێ دەسەڵات نەیئەتوانی بیبەخشێت. بەدەم خەوەوە ئەیوت: "بلّێن ئەم هەموو پەنجەرەیە چی لێ ئەکات؟! بەڵکو لەگەڵ

خۆیدا پەنجەرەیەکم بۆ بێنێت" حەزی لە بۆنی پیاو ئەکرد و شەو نەبوو خەو بەدۆزەخی پیاوەوە نەبینێت. دەستە دەستە خەڵکی نارد تا ڕازی بێت و بەیەکەوە لەسەر بەرماڵێک نوێژێک بکەن. ئەیویست بڕوات و بڵێت: "ئەی پیاوە تاوانبارەکە غەرقی ڕەحمەتی ژن بیت، قەینا هەمووتان غەرقی ڕەحمەتی ژن بن، غەرقی نووری ژن، غەرقی نووری عەشق و بەهەشتی ژن"... دەمی زۆرتر لار و دڵی پڕتر لە عەشق و ڕۆحی سەرڕێژتر لە جەزا. دەنگی شیوەن سنووری درزی پەنجەرەکانی جێ هێشت، ماڵەکەی بەرز بوو، زۆری پێ ئەچوو تا بیگاتێ. ڕای کرد لە نیوەی پلیکانەکاندا گەڕایەوە، کراسە ڕەشەکەی داکەند و سپییەکەی لەبەرکرد، تفی بۆ قووت نەئەچوو، ڕۆیشتە پێشەوە، وتی: "یەکتر نەبەخشین چی بکەین؟" پێی وت: "ئەمنە گیان پەنجەرەکانت لەبیر چوو؟" بەگریانەوە وتی: "کاتێ غەرقی عەشق بیت پەنجەرەت ناوێ" دەمی نا بەناوچاوانییەوە و ماچی کرد، سەری نا بەبەرۆکییەوە و پێش ئەوەی خەو بیباتەوە، وتی: "هەر وتم لە بیرت ئەچێ" دەستی کرد بەگۆرانی وتن (بەزمانی شیرین ئەمنە گیان...) مردن و سووتان نەیهێشت وەکو خەڵک بینێژن. وتی: "ئەبێ قەبرەکەی پڕ بێت لە پەنجەرە" ئەگەر ڕێگەتان کەوتە قەبرستان تەنیا قەبرێک هەیە پەنجەرەی تێدا بێت لەسەر پەنجەرەیەکیاندا نووسراوە "بەڕەحمەت بێ ئەم پیاوە غەرقی تاوان بوو" لەو کاتە بەدواوە ئیتر کراسە سپییەکەی دانەکەند و شەوانە تەنیا خەوی بەپیاوێکەوە ئەبینی جەستەی دۆزەخ نەبوو. پەنجەرەکانی بەقوڕ سواخ دا، بەڵام هەموو شەوێک گۆرانییەک ئەهاتە گوێی "بەزمانی شیرین ئەمنە گیان..." شەوانە ئەو گۆرانییەی نەبیستایە خەوی نەبوو.

١٣٧٨

# ئەو پیاوەی کەس ماچی نەدایە کاهووەکان نەبێ!

کیلۆیەک کاهووی کڕی. کاتێک خواردی یەکەم ماچی بیرکەوتەوە، تامی نیشتە گیانی، یەکەم جار شیرین، دوایی تاڵ، چەوریبەکیش ئەنیشێتە سەرلێوی... سەد کیلۆ کاهووی کڕی. چاوەکانی گەشانەوە و لێوی بۆنی لەزەتی لێ ئەهات. دوای ئەوە بەحەسرەتەوە نەیڕوانییە هیچ ژنێک. هێندەی کاهوو خوارد بوو، وەک سنەوبەر سەوز بوو بوو. دوو سەد کیلۆ کاهووی کڕی، یەکەمجار ویستی بەهەمووان بڵێت: "خەڵکینە بەینێکە کاهوو تامی ماچ ئەدات" بەڵام پەشیمان بۆوە و ترسا گران بێت و نەمێنێت. کاهوو لە شارا نەما، زەرد بوو، پەشۆکا، عاقیبەت مرد ئەو پیاوە ناشیرینەی کەس ماچی نەدایە کاهووەکانی نەبێ...

میراتی ئەم پیاوە تابلۆیەک بوو، پیاوێک بەدیار سەوزبوونی کاهوویەکەوە گیانی دەرچوو بوو. فەلاحەکانیش هەرگیز ئەو ژنەیان نەبینی کە شەوان نەوتی ئەکردە بنی کاهووەکان، لەبەرئەوەی وای ئەزانی ئەم کاهووانە تامی یەکەم ماچی کە بەپیاوێکی ناشرینی داوە لەبەین بردووە.

٧٨/٩/٢٩

# لەبیرچوونەوەی ناوێک

بۆنی خوێن، هەڵمی ئاوی کراوەی بەلۆعەکە. بۆنی مەرگ، خۆرێکی ڕەنگ پەڕیو و نەخۆش، ڕەشایی چاو، وەیلانی دوێنێ و بەیانییە بێ بەیانییەکان. دەرزییەکەی هەڵگرت، بۆنی سۆزانییەکی گیرفان پڕ لە پارە و سینە خاڵی لە هەوای لێ ئەهات. نەمزانیبوو دوێنێ منالێکی بێ بەکارەتی بووە و کوشتوویەتی ئەگینا ئاوێنەیەکم بۆ ئەهێنا، کە تێر تێر، خۆی و ژوورەکەیی و خۆی تیا ببینیایە. نوقمی خوێنەکە و سەعاتەکە بووبوون، بەتوندی دەرگاکەی کردەوە، گلەیی ئەکرد کە هەموویان دڵیان لێی پیسە زۆرتر لەوەی کە خوێنەکان ئەگەیەنێتە دەستمان یان نا، ئەیویست جگەرە دابگیرسێنێ، ئاگری پێ نەبوو. دیسان بۆنی خوێن. پێی وتم: "ئەزانی جوانی، بەڵام سوودی نییە، چونکە خەمەکان و گوناهەکان دەوریان گرتووی، ئەزانی". چەند جار لێم پرسی ناوی منالەکەیم پێ بڵێ، ناوی کوڕەکەی ئەزانی، بەڵام ناوی کچەکەی لەبیر چووبوو. پێم گوت: "حەیف جگەرە ئەکێشی؟" قیژاندی: "باوکم بەزۆر بەشووی دام، بەشێتم ئەزانن و شەوانە خەو بەبۆیەی قژ و عەترەوە ئەبینم، لەو ڕۆژەوەی کچەکەمم ناو ناوە ناویم لەبیر چووەتەوە، مێردەکەم..." نەمهێشت قسەکەی تەواو بکات ئاگرەکەم دایە دەستی، نەفەسێکی توندی لە جگەرەکەی دا و درێژەی پێ دا: "مێردەکەم حەوت ساڵە لام نەخەوتووە، بۆیە... بۆیە سواڵ ئەکەم و جگەرە ئەکڕم". لەشم کەوتە سەر ئارەق و خەریک بوو لەناو شووشە خوێنەکاندا خەوم لێ ئەکەوت کە ئاوێنەکە کەوتە خوارەوە و پارچە پارچە بوو. پێی وتم: "لەچکێکم بۆ دێنیت؟" برۆکانم بەرز کردەوە و وتم: "لەوە ناچێ، نەزانی چییە چیمەن، من عاشقی ئەوەم بەس ئاوێنە بۆ خەڵک بەرم". پێکەنی و وتی: "ئای... چیت وت، کەی ئەیهێنیت؟ حەز ئەکەم مێردەکەم زووتر سەیری خۆی بکات و بزانێت خوا غەزەبی لێ ئەگرێت.



هەرچەندە پیاو ئەگەر بیزانیایە سەیری ئاوێنە بکات دنیا لەمەی کە هەیە خۆشتر و پەمەییتر ئەبوو". تووڕە بووم، وتم: "سەیر کە چیمەن، ئەگەر ئاوێنەیەکی باشتر بێت چی؟" بەرەو پەنجەرەکە و خۆرەکە ڕۆیشت، چاوی نووقاندبوو. ئەو هەر ماتی شیعرەکە و شووشە خوێنەکان بوو، بەدەستیشی خەریکی خوێن گرتنی پیاوێ بوو، لە بیرێکی بێ ئاو ئەچوو. دیسان وتییەوە: "ئەزانی جوانیت، بەڵام حەیف هاوڕێی ئەو بوویت، ئەزانی؟" ئەو هەر بیری لای ئەشقە چکۆلەکەی بوو، لەپڕ وتی: "چیمەن تۆ پاکی، دوعام بۆ بکە...". پێکەنی: "دوعای چی؟"... بەگوێم ئەکەیت، نە بیر لە پیاو بکەرەوە و نە ئیتر هاوڕێیەتی کەسیان بکە، ها جگەرە، خەم دەرکەرەیە. پیاو ئەوەندەش گەورە نین کە تۆ لەبەر ڕۆیشتنی یەکێکیان بیر لە بەیانی پڕ لە شەو بکەیتەوە، ها جگەرە، ها ئاگر". چیمەن چووەتە بەر پەنجەرەکە و پێئەکەنێ: "ئەزانی تۆیش لە من شێتتریت، چونکە هەر ئەڵێیت و ئەنووسیت و حەز ئەکەیت بنووسیت "بەیانی بێ بەیانی" بەیانی ئەگەر بێ بەیانیش بێت هەر بەیانییە، کراسێک لە من دادڕن، لەو ڕۆژەوەی کە کچم بووە ناوەکەیم لەبیر چووەتەوە، هەر زیندووشم، حەیف کە ژیان خۆشە ئەگینا خۆم ئەکوشت، حەیف..." تاریک دنیا، بێ پەنجەرە شەو، فراوان خەم، بێ بەیانی بەیانی. چیمەن لێوانلێو لە چێژی ژیان، بەهەموو مەینەتییەکانیەوە، بۆنی مەرگ، هەڵمی ئاوی کراوەی بەلوعەکە، بۆنی دوکەڵی جگەرەی سێ ژن کە هەموو ڕۆژێ خەمەکانیان لەگەڵ جگەرەکانیاندا ئەکرد بەسووتوو. هەر ئەو شەوە لە باوەشی شەودا بەخەمێکی تر ئاوس ئەبوون، بەڵام هەر پڕ بوون لە بەیانی پڕ لە بەیانی.

٧٩/٢

# مەراق

وەختێ مریشکمان هەیە و بەشی ئەکا، ڕانەکەی ئەدا بەو. ئای چەن ڕقم لە دایکمە! خـۆ ڕان هەر هی ئەو بـوو، ئەی ئێـسـتـا! یەکـەم چاییش ئەو ئەیخواتەوە، سەرگوڵەکەی ئەدا بەو. خـۆشی ئەوێ، ئەم کـەرە ناشیـرینە. ئیشەڵڵا بمرن. کە لە دەرگـا ئەدا، فـرەتر ڕقم لێیـەتی، ئای چەن ئێسکی قـورسە، بەخـۆی و دیانە ڕزیوەکـانییـەوە، جـا توخوا کـوێی جـوانە؟ چاوە چکۆلەکانی ئەڵێی بەمەتە کون کراون! بیرم نەبوو، خۆیەتی "گورگ" ئەڵێی گورگە. دایکم خەریکە سفرەکە کۆ ئەکاتەوە. لە پڕێکدا ڕائەکاتە حەوشەکە و ئەڕشێتەوە، وا ئەزانێ نازانم خەریکی چییە. لە منی ئەشارێتەوە. تەریق ئەبێتەوە، ئەی ئەگەر سکی بەرز بووەوە چی ئەکا؟ ئاخ خۆزگە دایکم ئەمرد! منی نارد بۆ لای دایە گەورەم و وتی هەفتەیەک لەوێ بە، منیش کەر بووم، نەمـزانی بۆ ڕەحمی جووڵاوە. هەر لە خـۆمـەوە ئەوجارە حەزم ئەکرد زوو بێمەوە، دڵم لێی دابوو کە شتێک قەوماوە. ئای کە شەوانە خەوی خراپم ئەبینی! لە خـەوەکـانما ئەکـەوتمە خـوارەوە و دایکم سـەیری ئەکـردم. هەمـوو ڕۆژێ لەگـەڵ دایە گـەورەمـدا ئەچووین بۆ سـۆفی چراغ، جـار جـارەش بۆ چەمەکەی قامیشەڵان. کاتێ هاتمەوە و بینیم...

ئەی دایە یاخوا بمری، چۆن دڵت هات... جا بزانە چۆن قسـەی لەگەڵ ئەکا و خۆی بۆ بائەدا. بەدرۆ خۆی نەخـۆش خسـتـووە. وەی زانی عـەقـڵم پێی ناشکێ. سەرت مەبەستە، ئەزانم چیتە... قوڕ بەسەر ساحێبت! گوێم لێیانە باسی من ئەکـەن "کوڕە وایش نییـە، لەم سونع و سـاڵا بنیـام لە خـۆیەوە جۆرێکە. وا ئەزانێ لەناو ڕەفیقەکانیا شکاوە. چاوی بەرایی نایەت".

تۆ چوزانی وایە؟ وەڵڵا وایە و خـراپـتـریش. دەنگی پێ دێت، لەوە ئەچێ خوشکەکـەم بێت، خۆیەتی، چووە بـاوەشی دایکمـەوە، ئەویش بـانگی کرد. ئەی هاوار ئەوە چی ئەکـا؟ ئەها، ئەوە مـاچی کـرد. دەی مـەگـەر نەتگرم، هەرچی ئەڵێم حاڵی نابێ، جێ ماچەکەیشی ناسڕێ، یەع! من لێرەوە قێزم لێی یەتەوە، جـا سـەیرکە! خۆزگە لێـرە نەئەبوون. گۆرەوییـەکـانی داکەند و تووڕی دایە باوەشی دایکمەوە، ئەویش گرتی بەدەستییەوە و وتی: "وەڵڵا هەناریش خۆشە ئەزانی؟" مۆرەیەکی لە دایکم کرد، دەنگی ڕادیۆکەی زیاد کـرد، نای بەگـوێیـەوە و وتی: "ئا هەڵـسـە شـقـارتەیەکم بۆ بێنە" ئەزانم بۆ حـەزی لێ ئەکـەی زۆرزان! دایە گـەورە پێی وتم. هەسـتـا، دەسـتـی لە گیرفـانیدایە، دەری هێنا. تەسبیحەکەیشی داوەتێ، هەر بێ دەنگم و هیچ ناڵێم، ئەڵێم قـەینا تـازە بووە... بەڵام تۆ خراپتر ئەکەی. تۆ تەماشاکە چۆن شان بەشانی ئەڕوا. یاخوا هەرسێکتان لەسەر گیایەک بشۆن. شوکر ڕۆشتە دەرەوە، ئۆخەی! عـەیارەکەی خوشکیشم هات بۆ لام و دانیشت. زللەیەکم لێ دا: "مـەگـەر نەمـوت مـەیەڵـە ئەو سمـێڵ زلەی دەم بۆگـەنە مـاچت کـا؟" "دەی بەتۆ چی". جێ پەنجـەکـانم سـوور بووەتەوە. لەتاو هەنسک ناتوانێ قسە بکا " خۆ دایکم ئەڵێ ئەمیش... ئەمیش" "وس بە، جیقە جیق، دایکم دایکم" "وەڵڵا وس نابم" ئەو وەخـتـە تۆ لای دایە گـەورە بووی جـووتێ گۆرەوی و ملوانکەیەکی جوانی بۆ سەندم. دایکم ئەڵێ ئەمیش لە جێی..." "بێ دەنگ بە ساویلکە" زللەیەکی ترم دا لەولاکەی. بیری ڕانە مریشکەکە و... چاوی سوور کردووم، ئای دنیای...

٧٧/٣/١

## (...)

ئێوە نایناسن، لە شەوی قەبرستانێکی تاریک و سارد ئەچێت. لەوە ناچێ تا ئێستا نە گەنم و نە سێوی خواردبێت. لە مەزرای گەنم و درەختی سێو ئەترسێت. هەمیشە دوعا ئەکات کە ئاو نەبێت، با هەموو گوڵەگەنمەکان و دار سێوەکان وشک بن. لە هەر کەس کە بزانێت دۆستایەتی خوا ئەکات، ئەپارێتەوە، دوعای بۆ بکەن، نەکەوێتە خوارەوە. هەمیشە تەسبیحی بەدەستەوەیە و حەزی زیاتر لە بەرماڵە تا شتی ناوماڵ. وتی: "ئەو پیاوانەی شەوان دێن بۆ لام، پێم ئەڵێن هەموو ژنێک لە تۆ ئەچێ؟"

پاشان کە ڕۆیشتن، کاتی نوێژ دوعا ئەکەم نەجاتم بێ لەم گۆڕستانە پڕ لەزەتە. لە شەو شەوترە. ئەڵێت: "دوعام بۆ بکەن خوا بمخات بەبارێکدا، یان لە دەست خۆی نەجاتم بێت، یان...!!"

بەدوعا و بەگوناه ماوەتەوە، ئێوە نایناسن.

٧٨/٥/١

# لوتکه

خۆی داوه بەسەریدا و ملی بەهەنسکەوە هەڵئەکەنرێت. هاتووین بگرین. نازانم چ خوایەک دەستی پڕ لە خۆڵەمێشی خۆی پژاندووە بەئاسماندا، شار دیار نییە، ون بووە. تەنها نین، زۆربەی گەڵاکان ڕەنگ و ڕوخساریان لە بێوەژنێکی غەدر لێکراو ئەچێت. بێوەژنێک تا ئەبەد خەون بەپیاوێکەوە ئەبینێت، دێت ماچی بکات و بەر لەوەی ماچی بکات دائەچڵەکێت. بەڕووەکان لە کڵاوەکانیان جیا بوونەتەوە، (با) سەرشێتە، سەرمامە. جاران هاوڕێیەکم هەبوو کاتێ گەرمام ئەبوو بەپێکەنین فێنکی ئەکردمەوە.

ئێستا سەرمامە و مەجبوورم بەگریان خۆم گەرم بکەمەوە. خەڵک لە درەو بوونەتەوە، ڕۆژانی پێشوو باقە گەنمەکان دیاربوون. ئاسمان خۆڵەمێشیتر و پیرتر دیارە. هەنسکەکان بەقەدەر تەپەتەپی دڵ... ئای ئەم قریشکانە ناهێڵن قسەکانم بکەم و بیر لە هیچ بکەمەوە. دەوروبەرم پڕە لە حەقیقەت. بۆ ڕۆحییانەتی... ئەگەر بەهەرچی هێزم هەیە بەردێک فڕێدەم ئەکەوێتە خوار حەقیقەتەوە. هێزم تیا نییە حەز ئەکەم بخەوم، کەسیش هێزی تیا نییە، بەهەر جۆرێک بێت حەزم لە نەجاتە. خۆزگە ئەچووم بۆ شوێنێک لە هەرچی حەقیقەت و درۆیە دوور ئەبوو. خوێن لە ڕوومەتی ژنێک ئەتکێت، شار دیار نییە، بەڵام ئەزانم لەژێر پێماندایە.

بۆنی ڕێحانە و کفنەکان لە سەرمدا خەست بۆتەوە. چاو چەند شتێکی گەورە و موقەدەسە، ئەگەر چاو نەبووایە چۆن بگریاینایە. خۆش گەرەک بوون موشکیلە بوو، چۆن بمردینایە؟! عاشق بوون، بۆ یەک ئەمردن. کە ئەیبینی هەموو گیانی ئەلەرزی، ئازارێکی پێدا پێچرا و دوای بەینێک مرد. ئەم ژنە، خودی حەقیقەتە، بێ چاو ئەگری، بێ چاو ئەژی، بێ چاو خەڵکی خۆش ئەوێت، بێ ژیان ئەژی، لەبیری ناچێتەوە. خۆی وا ئەڵێت، ئیتر نازانم. تووڕە مەبن ئەگەر بڵێم من ئەو ژنەم و ئەو ژنە منە. بۆنی



ڕێحانەم لێ دێت، خەریکین لە حەقیقەت دوور ئەکەوینەوە. ئەڕۆینە خوارەوە بەرەو شار. چ گۆڕستانێکمان هەیە! لوتکە، سەوز و زەرد، پڕ لە گەزیزە، بەرزە وەک حەقیقەت. ڕوومەتم هەر خوێنە. دیتە خۆم داوە بەسەر قەبرەکەدا، مەمکم بۆنی ڕێحانە و خۆڵ و مردووی نۆماڵی گرتووە. ژنە جەرگ سووتاوەکە ئەڵێت: "ئای ڕۆڵە دنیا کاو بایە مردن حەقە". من ڕقم لەم قسەیە. مرۆڤ شێت ئەکا، خۆزگە بەزیندوویی ملوانکەیەکمان لە حەقیقەت لە مل ئەکرد. مردن لە بێ پاییزی ئەچێ. شار چ گەورەیە.

٧٨/٣

# ئێوارەی هەڵفڕین

هەموو ڕۆژێ ئەهات و دانی بەوە دا ئەنا کە کردبووی، باسی ئەکرد خەتای خۆی نییە و حەز ئەکات بەڕووتی هەڵقرچێت و ڕۆژەکانی بێ ئۆکسجین و سفرەکەی بێ نان بێت. وام ئەزانی چاوەکانی دوو چۆلەکەی یاخین و هەم حەزیان لە قەفەسە و هەم لە ئێوارەی هەڵفڕین. بەدەست من بووایە هەمیشە دانم ئەکردە بەریان. باسی ئەکرد، خەتای خۆی نییە و حەز ئەکا تا ئەتوانێ بەرامبەریان گوناه بکا و بەدنیا بڵێ (من لە تۆ شێتترم). خەتای خۆی نییە حەز ئەکات ئەوەندەی خۆش بووێ تا لە خۆشەویستیدا یەکێکیان یەکێکیان ئەکوژن. خەتای خۆی نەبوو دنیا کردی بەشێتترین پیاوکوژی مێژوو. بەدەست خۆی نەبوو کە ناوی دەرکرد ئەو سۆزانییەی هەر کەس لە سێبەریدا سەرخەوێکی شکاند شێتی بوو. کە قسەی بۆ ئەکردم ڕەش هەڵئەگەڕا، پاشان هێندە ئەگریا تا دیسان سپی سپی هەڵئەگەڕایەوە. من مناڵ بووم، کە قسەی بۆ ئەکردم، کە باسی ماچە حەرامەکانی ئەکرد و ون ئەبوو، ون ئەبووین. من نەمئەزانی خیانەت، ماچی حەرام، ئیعتراف و بەڕووتی هەڵقرچان، بەدەست خۆ نەبوون مانایان چییە. من هیچ شتێکم نەئەزانی، سۆزانییەک فێری زۆر شتی کردم کە بەدەست خۆی نەبوو. فێری کردم خوا غەزەب لە کەس نەگرێت و ئاوێتەی ئێوارەی هەڵفڕین و ئێوارەی ڕەهایی نەکات. پاش یەکەم ئێوارەی هەڵفڕین و یەکەم گوناه و ئیعتراف، ئیدی ئەو ژنەم نەبینی. ئەو ژنەی کە وا ئەزانێ من هیچ کاتێک لە وشەکان ناگەم، پاش یەکەم گوناه ون بوو سۆزانییەکە.

٧٨/٧/٢٨

# ئاگر

ئاگاتان لەو ئاگرە بێت نەکوژێتەوە. ڕۆیشتم و زەرفێکی ڕەنگاوڕەنگم کڕی بۆ میوەی پاییزان. پیاوەکە وتی: "خوا کردوویەتی بەس بۆ سێو و ترێ" ئەمەوێ پڕی کەم لە میوەی ساردی پاییزان. پڕتەقاڵ، سێو، هەنار. ئاگرەکە کز بووە. پیاوەکە وتی: "بۆ ئەوەندە پەلەتە؟" خەمی ئاگرەکەم بوو. پیاوەکە وتی: "بەشکم ئەمساڵ ڕەق بینەوە" کەس خەمی ئاگری نییە. زستانان کە سەرمایەتی ئەڵێ: "بمخەرە بەر نیگاکانت با گەرمم بێتەوە، تا چاوت بپەرستم، ڕەسەنم و چوومەتەوە سەر باب و باپیرانم. دوعا ئەکەم ئەم دووکوانووە هەرگیز نەکوژێتەوە" ئاگات لە ئاگرەکە بێت، دوعا مەکە، خۆر لای منە، ڕەقبوونەوەی چی؟ نازانێت مانگیش لە لای منە. ئەم زەرفەی کە کڕیومە لە خۆر ئەچێت. خەریکە شێت ئەبم، ئەوەندەش لەچکیان بەدیاری بۆ هێناوم نازانم چی لێ بکەم. ئەمەوێ ئیتر بڵێم بەسە، بۆ عەقڵتان پێی ناشکێت و جارێک ئەسپێک، پاسکیلێک، باوەشێنێک، یا پەرداخێک شەربەتم بۆ ناهێنن. ئاخۆ (دزیرە)ش(*) ئەو کاتەی مەمکی پەڕۆینەی بۆ خۆی دروست ئەکرد زۆرتر حەزی لە بووک بوو، یا لە مناڵ؟ ئاگرەکە نەختێکی ماوە بکوژێتەوە. ئەبێ هەم قسەتان بۆ بکەم، هەم سواڵ بکەم، هەم میوە بشۆمەوە و هەم سەیری ئەویش بکەم. خەمی ئەم ئاگرە ئەوەندەی تر پەکی خستووم. ئەوەندەم یاس لە لەچکەکانم داوە کە بۆنیان خۆش بێ، یاسەکەمان گوڵی پێوە نەماوە. خۆزگە دوو چاوم پەیدا ئەکرد و گەرمم ئەهاتەوە، خۆزگەم بەخۆت چاوی من شک ئەبەیت.

هەر چیم کردووە نابێ بێڵم ئەم ئاگرە بکوژێتەوە. بیر لەوە ئەکەمەوە چی

(*) ناوی یەکێک لە مەعشوقەکانی ناپلیۆن بۆناپارت.



پێوە بنێم. گەر هیچ نەبوو ناعیلاج ئێوە لەتوکوت ئەکەم. ئەگەریش زۆر کز بوو، یەکەم جار تۆ، دوایی هەرچی پیاو، ئینجا ژن، مناڵ و دواییش زەرفی میوەی پاییزانەکە بەهەموو سێو و ترێکانیەوە، ئینجا خۆم. من و ئەهریمەنێک شەرتمان کردووە، نەهێڵین ئەم ئاگرە بکوژێتەوە.

٧٨/٦

# تاکەی دەریا هەروا شین بێ

حەز لە گریان ئەکەم. ئەوان قاقا پێئەکەنن. ماڵەکە، ژوورەکانی نوستن، حەوشە، حەمام، ئاشپەزخانە، بستێک شک نابەم تێیدا هاوار کەم "درەنگ زانیم دەریا نابێ هەر وا شین بێ" ئەو ئەڵێت: "با وای دانێین دەریایەک نەبووە، یان ئەگەر بوویێتیش چووە بەناخی عەرزا" مشکە تۆپیوەکانی باخچەکەمان ڕێحانە سەماکەرەکانیان پڕووکاندووە. دایکم ئەڵێت: "داکەوە! مەبە بەفروغ و مەڵێ (دڵم بۆ باخچە دەسووتێ). نازانم باخچەکانی ئەم زەمانە بۆچی نەفرەتیان لێ کراوە؟ داکەون! بۆچی دڵتان بۆ دڵە شپرزەکانی خۆتان نابێ بەکەباب؟" ئەڵێم دایە برۆ نوێژەکانت بکە" ئەڵێ: "ڕاست ئەکەیت ئێمە ئەحەسێینەوە، تۆ و فروغ چی ئەکەن؟" ژنێکی لچ ئەستووری ڕەش پێست چەن حەز لە سپێتی ئەکات، هەزار هێندە من لە گریان. تاڵە تاڵەی قژم، مەچەکم، گۆنام، گەردنم. ژوورەکان پڕن لە مرۆڤی بێ خەیاڵ و بەسەبر. ئەڵێم: "من لێرەدا ئەخەوم." بەدزییەوە ئەڕۆم دەسڕێک دێنم. "دایە ئەوە خەوت نایە؟".

– بەدەم ڕۆشتنەوە ئەڵێت: "ئەمە تۆ و ئەمەش بیرەوەرییەکانت و حەزە بەتەمەنەکانت و فروغ گیان و ئەم قالۆنچانە". حەز، چ گەرمیان و کوێستانێکی گیانبەخشی هەیە. لووشکە لووشکم دایکم تووڕە ئەکات. دوای نەختێک ترسێکی چاو باشقاڵ لەگەڵ دایکما ڕادەکشێ، ئەڵێت: "ئەوە دیسان فروغ گیان ناهێڵێت بخەوی، ئەو لووشکە لووشکەت لە چییە؟"

فرمێسکەکانم پاک ئەکەمەوە و ئەڵێم: "دایە تۆ و پیاو، کەی واز لە فروغ ئەهێنن؟ هەڵامەتمە". ترسەکە زۆرتر دایکم ڕائەمووسێت، ئەڵێ: "وتت بەم گەرمایە، هەڵامەتتە؟" بەئاستەم دەنگی دەردێت. خەریکی ژماردنی پاییز و زستانەکانی تەمەنییەتی. بەدوای ساڵی هەڵامەتەکانیا وێڵە.



بەئارامی ئەڵێ: "ئەزانی من یەکەم جار کەی هەڵامەتم گرت؟ چواردە پانزە ساڵێک ئەبووم ڕەنگ بێ هەر بەقەدەر تۆ، لەوانەیە فروغیش هەر ئەوەندە بووبێت و نەبووبێت. جا دایکیشم هێندەی ئێستای من بەتۆ، باوەڕی پێم بوو" ئەڵێم "دایە چۆن چاک بوویتەوە؟" بەئارامی "چاک کە نا! بەڵام زەمان و سەبر ئیشی خۆیان ئەکەن. هەرچەندە ڕۆڵە ناشوکری نەبێت کام چاکی؟". "جارێکی تریش ئەم درمەت گرت؟" "ئەرێ ڕۆڵە، بەڵام هەر جارێ بەپیسی تووش ئەبی و ئەکەویتە جێگاوە". "دایە چۆن بێت بەپیسی ئەیگریت" تووڕە ئەبێت "ئای کە لاژگیت. هەر کەس..." هەڵئەستم، سەرم ئەنێم بەسنگی دایکمەوە. بەئارامی ئەپاڕێمەوە: "دایە دوعام بۆ بکە هەر تەواو سارده، بەرگەی ناگرم" سەرم بەرز ئەکاتەوە و چاو ئەبڕێتە ناوچاوم" ئادەی با جوان سەیرت کەم بزانم درمە پیسەکەیە" دایکم وێران ئەبێت وەک منی وێران، ئەچێتەوە یەک. توندتر ئەمگوشێت بەخۆیەوە" ئەگەر تۆزێ چووبیتەوە سەر فروغ یا سەر خۆم بەرگەی ئەگریت، بەرگەی لەمە پیستریش ئەگریت".

لەتێ دەسڕی ئەدەمێ "دایە نازانم بۆ ئاو بەچاو و لووتمەوە ناوەستێت، تۆیش وا بوویت؟" سەری ڕائەوەشێنێت و ئەڵێ: "ژن زوو ئیمان دێنن بەسەرەتای وەرزی سارد" ناوچاوم سوور ئەبێتەوە "دایە من وا نابم، شەرت بێ لە تۆ و فروغیش عاشقتر و..." "جا کوا ڕۆڵە یاخوا" "من ئیمان ناهێنم بەسەرەتای وەرزی سارد" ئەترسێت "گەوجە سووک، لە دارت ئەدەن، وەک ڕێحانەکان ئەتپڕووکێنن، ئای کە چەند خەمی تۆمە" "دایە! ئەبێ پیاو و ژن ئیمان بێنن بەبێ ئیمانیم بەسەرەتای وەرزی سارد" "بخەوە ئیتر ئەوەندە ئەڵێیت. بڵێ بەم شەوی جومعە و جەماعەتە هەقی فروغ یاخیبوون و عاشقیمان چییە؟ ئەوەندە ئەڵێیت گشت گیانم ئێشێ، بخەوە ئیتر یارەبی قەزای فروغت لێ بکەوێ، ئای کە چەن خەمی تۆمە، ئاخۆ دڵی دایکی فروغ چۆن بووە؟.

٧٨/٧

# گۆرانییەکانی ئەوسا

ئەو کاتانە کە تازە بستێ تا خوار پشتوێنەکەی باوە گەورەم ئەهاتم و دەستم ئەگەیشت تەباخەکەمان بکوژێنمەوە و ئەمزانی کیلۆیەک تەماتەی جوان بکڕم بۆ دایکم، ئەوپەڕی حەز و هیوام جووتێ پێڵاوی تەق تەقەی سوور بوو. لە هەر کوێدا نانەڕەقەم بدیایە کۆم ئەکردەوە و ئەمنا بەسەر چاومەوە و ماچم ئەکرد. کاتێ قەلە قەلەمان ئەکرد فێڵم نەئەکرد، لەسەر سفرە گۆشتی خوشک و براکانم نەئەدزی. ئیتر کلەکەی دایکم خراپ نەئەکرد و چاوم نەئەڕشت، بەقەڵەم بۆیەکانم دەمم سوور نەئەکرد، چونکە دایکم وتبووی ئەگەر کچە خاسە بی بۆت ئەکڕم. بەڵام دایکم ئەوەندە دێر پارەی خستە گیرفانی و خنەخن کارەکانی کرد و چارشێوی دا بەسەریا کە کاتێ ڕۆیشتین...

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە گریام و خۆم لە خۆڵەکە گەوزان. لەو ڕۆژەوە دەستم کرد بەفێڵکردن لە هەمووی. پێم بەسەر نانەڕەقە دائەنا، بیست و چوار سەعاتە چاوم ئەڕشت، لێوەکانم نەک هەر بەقەڵەم بۆیەکانم، بەگوڵە میلاقەیش سوور ئەکرد. برنج و تەماتە و خەیار و پیازی ماڵەکەم کێش ئەکردە دەرەوە و دەرسم نەئەخوێند. ئای لەو ڕۆژانەی ئیمتحانی ڕیازیمان ببووایە، پارچەیەک نانم ئەبرد و بەدزییەوە ئەمخستە دەمم و ئەمجوی و ئەمجوی تا وەک ڕشانەوەی لێ ئەهات، کاتی وەرەقە دەرهێنان تفم ئەکردە دەرەوە و دەستێکم ئەگرت بەدەممەوە ئەو دەستەکەیشم بەسکمەوە، ئیتر ئەیانناردمەوە بۆ ماڵەوە و تا ئێوارە لە دەرەوە گەمەم ئەکرد. بیانناردمایە بۆ پیاز خەیارم ئەهێنا، کاتێ بەلای براکەمەوە دایان ئەنام دەستم ئەنا بەدەمیدا و گازێکم ئەگرت لە گوێی و تا جوان شین نەبووایەتەوە دەستم لانەئەبرد. جنێوێکی بدایە، بۆ ماڵی نەنکم ئەگێڕایەوە. چونکە دایکم یەکەم جاری نەبوو ئاوای ئەکرد. لای هەموو کەسێ بەدایکم ئەوت گەڕۆک،



دایمە نیت لە ماڵەوە. ڕۆژێ لەگەڵ سروەی ڕەفیقمدا هەلووکێنمان ئەکرد، کە وتی: بیرم نەبوو دایکم وتی بێژم بەدایکت بێت و ئەو قاڵییانەمان بۆ بشوات، ئاخر ماڵ پاک ئەکەینەوە، وتیشی حەقی زەحمەتەکەی هەرچی بوو ئەینێینە سەر چاو" سوێراوێک هاتە ناو دەمم و کەوتمە پرتە پرتکردن. هیچم بۆ نەوترا، بیرم دێت تفێکم کردە ناوچاوی و تا هێزم تیا بوو قژیم ڕاکێشا. بێ دەسەڵات و حەپەساو سەیری ئەکردم و ئەگریا. ڕام کرد دوو بەردم هەڵگرت و کێشام بەشووشەکاندا دایکم هاتە دەرەوە و قیژاندی "ئەوە بۆ هار بووی گوو بەکەللەی باوکە تۆپیوت. زۆرم هەیە بیسێنم دەی توخوا قسەم پێ ئەکا". لیک و چڵم و فرمێسک تێکەڵاو بووبوو. قیژاندم "بڕۆ بۆ ماڵ سروە قاڵییەکانیان بشۆ جا پارەت ئەدەنێ و دەوڵەمەن ئەبیت" هیچی نەوت، زانی کە زانیومە. لەسەر قادرمەکان دانیشتم و گریام. خەوم لێ نەئەکەوت، بوغزم کردبوو، نەم ئەوێرا چاو کەمەوە، قاڵییە چڵکنەکانی ماڵی سروە ئەهاتە بەرچاوم. سەری بەستبوو و دەستی گرتبوو بەئەژنۆیەوە "جا قەی چێ کا ڕۆڵە عارت لێیە" چاوەکانی حەکایەتی ماندوویی دوو دەستیان ئەکرد. بەدزییەوە کە سەیرم کرد، چاوە پان و سوورەکانی دایکم و گوڵە مێلاقەکان لە یەک ئەچوون." ئەگەر خوا نەخواسە لە ڕێیەکی ترەوە تێر و پۆشتەم بکردنایە چیتان ئەوت؟ لەجیاتی دەستخۆشی... ئای عەولا و گوو بەخێرتان" چاوی دایکم لە یاقووتە سوورەکانی دوگمە و دۆڵابەکەی دایکی سروە درەوشاوەتر بوو. سروە کچە بەگزادە بوو، من ڕەعیەت. دایکی سروە یاقوتی تەلاکانی سوور بوو، دایکی من چاوی. ئەو شەوە من و گوڵە مێلاقەکان و گوڵە چڵکنەکانی قاڵییەکان لەسەر باڵی دایکم خەومان لێ کەوت.

بەیانی بەدەم "کەسیفی سەر جێم نەکەی داماوی قەبرم نەکەی، لە ئۆمەتی خۆت بێ بەریم نەکەی"،ی دایکمەوە خەبەرمان بووەوە. ئێستە کە دەستم ئەگات پەردەیش داکوتم، چاویش بگێڕم بەسەر کەنتۆرەکەماندا کە بەمناڵی دیقم کردبوو تا بزانم چی لەسەرە، ماڵەکەیشمان ناخەم

بەدەستێکدا و دایکم ماڵم بەلاوە بەجێ دێڵێ. فێر بووم برنجیش لێ بنێم و جار جاریش دۆڵمە دروست کەم. چارشێو و پێڵاوی پاژنە بەرزیشم هەیە، کەس پێم ناڵێ تفلّی مەعصوم، لە مامۆستا و دەستەڕەشەکە و ڕیازی و چەقۆ و جنۆکە حەمەومین ناترسم. تیتل و بیبلیشم لەبەرە. حەز ئەکەم بڕۆشتمایەتەوە بۆ سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژەی کە قەرار بوو دایکم پارە بخاتە گیرفانی و بچین قۆنەرەی تەق تەقەی سوور بکڕین، یان بەر لەو ڕۆژەی کە نەم ئەزانی دایکم بۆ کوێ ئەڕوات، چی ئەکات و چۆن پێستی دەستی دائەوەشا تا بیانووەکانی منی ئەبڕی. ئێستا کە نەک تا خوار پشتوێنەکەی باوە گەورەم، بگرە تا لای ڕەشتییەکەیشی دێم، ئەزانم کە لەوە ئەچێت ماڵە ئاغاکان پارەی جلشۆردنەکەیان درەنگ دابێتێ بۆیە خنەخن کارەکانی ئەکرد و چارشێوی ئەدا بەسەریدا. ئێستا ئەزانم باوکێکی کوێر کە ئێواران دوو قڕان بێنێتەوە لە قۆنەرەی تەق تەقەی سوور خۆشترە. ئای دایکە مەینەت کێشەکەم بمبەخشە.

٧٧/٣/٨

# شەوێک

هەر لە بیری مام نادردا بوو. ئاخۆ ئەیهێشت وەعدی و ئەوان بێن. ترسا بوو، لەوانەیە هیچ کاتێک ئەم ترسەی لێ جیا نەبێتەوە. دوێنێ شەو بەدرێژایی شەوگار بەدەم گوێگرتن لە خوشکەکانیەوە بۆ ئەستێرەیەک گەڕا بوو کە گومانی ئەکرد هی ئەو بێت. کچێکی سادە بوو، هیچ نهێنییەکی نەبوو. خۆی بوو بەهەموو منالّی و عەیب و جوانییەکانیەوە. "ئەترسم، بۆ وام لێ نایەت" لە تەنیشتما پالّ کەوتبوو، وتی: "دلّم تەنگە، لەوانەیە هەر ئەمشەو وابم، ئەزانی شەرم ئەکەم، دلّیشم تەنگە، قوڕگم قورسە و نەوعێکم، ئەزانی؟ ویستم خواحافیزی لێ نەکەم، ئاخر خەریک بوو لە وەعدی بات، داماوە سکیشی هەیە، شتێکی لێ بێت چی بکەین؟ وەعدی ئەیوت بەخوا لەبەر تۆ هاتوومەتەوە ئەگینا من کارم بەمانە چییە. ئیتر تا ماوم سەری پیا ناکەم". هەتا زۆرتر سەیرم ئەکرد سادەیییەکی ڕەسەنترم ئەدۆزییەوە. هەر بەو سادەیییەی خۆیەوە شەرمی نەئەکرد، پالّ کەوتبوو، سات بەسات زۆرتر شووشەی چاوەکانی ئەشکا، لە دەرەوە هەموو چاوەڕێ بوون، نەنکم لەسەر بەرمالّ هەر ساتێکی بەسالّێک لێ ئەڕۆشت و منیش پڕ بووم لە ترسی مام نادر، نەمەوێرا بیری لێ بکەمەوە، بەو سیما تووڕەیییەوە هەموو ئاوێنەکانی دەمەونخوون ئەکرد و گشت خەیالّە سوورەکانی شەوە ڕەشەکانی ئەپچڕاندەوە. هاتە دەرەوە و وتی: "چی بکەم هێزم تیا نییە و ناتوانم" دەمم وشک بوو، چاوم نووقاند و پالّم دا بەدیوارەکەوە، باجی دەستی گرت بەئەژنۆیەوە و ڕۆشتەوە بۆ سەرەتای هەموو ترسەکان، وتی: "قەینا ڕۆلّە چی بووە هی هیلاکییە" دیار بوو نە باوەڕی بەقسەکانی خۆی بوو نە بەشەوەکانی داهاتوو. نەنکم جامێکی هەلّگرت و ڕایکردە ئاشپەزخانەکە، هەموو گیانی ئەلەرزی. ڕۆشتمەوە ژوورەکە، لەسەر پارچەیەکی سپی پالّ کەوتبوو. ژوورەکە پڕ بوو لە بۆنێکی



سەیر. بۆنەکە نە خۆش بوو نە ناخۆش. چرای سەر تاقەکە ترسەکەی سوورتر پیشان ئەدا. وتی: "نازانم بۆ وام لێ نایەت، ئەترسم، ئەگەر مام نادر ئەزانێ... تۆ نایناسی... ئەڕۆینە حەمام، تووڕە ئەبێت، ئەمە چییە؟ ئاو کوا، نەوت کوا؟ سۆزانیانە خەریکی چین؟ دایکم فەوتاوە دایم ئەلّێت من و تۆ و وەعدی تانەیەکی زەقین بەناوچاوی خواوەندەوە. نوێژیش ئەکات. من بەس وام لێ بهاتایە، خەمم نەبوو. دایکم مەینەتی زۆری کێشاوە، خستبوویانە گوێنییەک. لە دەرگایان دا و هەوالّی باوکمیان پرسی، سێ ڕۆژ بۆی گەڕان تا هەموو لەشیان کۆکردەوە. باوکم مرد و من و بووکەکەم بەدەم یاری مالّە باجێنەوە، تلاینەوە و گریاین". باجی لە دەرەوە هێلکەی ئەکولاّند، نەنکم ماستاوی ئەکرد "بیخۆ ڕۆلّە، هی برسێتییە" حەوشەکە کەم کەم چۆلّتر و تاریکتر ئەبوو. "ئیتر کەس لە مالّە باجێنەکاندا، نە ئەبوو بەعەسکەر، نە ئەبوو بەپێشمەرگە. هەموو منالّەکانی کۆلاّن بەسەرهاتی باوکم و گوێنییەکەیان ئەزانی" لەناو جێگەکەدا نەئەجوولاّ، هێواش هێواش قسەی ئەکرد. "من هەر ئەمشەو شەرم ئەکەم، بەدەست خۆم نییە، بیری گوێنییەکە و شاییەکانی منالّیم کەوتۆتەوە" وتم: "گوێی مەدەرێ خەتای کەس نییە، بەس ئیتر جاری وا هەیە وای لێیەت." زوو زوو سەیری بازنەکانی ئەکرد و خەیالّی ئەڕۆشتەوە بۆ لای ترس لە مام نادر. ئەگەر بهاتایە و بیبردایەتەوە، ئەگەر هەموو شتەکانی بشێواندایە، ئەگەر... وتم: "گەر ڕۆشتم بیر لە مام نادر نەکەیتەوە." بەدەم خواردنی سێوەکانی سەرکۆشییەوە، وتی: "باشە بەگوێت ئەکەم، بزانم ئەتوانم." ڕۆشتمەوە سەر جێگاکەی خۆم، باجی وتی: "خوایە شەوەکانیان پڕ کەیت لە نوور، خۆت گەورەی دەی خوایە." نەنکم وتی: "بەخوا زیرەم کردووە، ئەترسم حەیامان بچێ." من و دایکی و ئەو و وەعدی و باجی و نەنکم شەش حەقیقەتی ون بووین کە لێوانلێوین لە زولّمەتێکی تاریک و نووتەک. نەنکم لەسەر بەرمالّەکە، بێ دەنگ بۆ بنمیچەکە ئەڕوانێت، باجی (لا ئیلاهە ئیلەلّلا)ی ئەکرد، منیش بەدەم ئازاری ژنبوونی خۆمەوە

داکەوتبووم و بەدوای وەڵامی پرسیارە ونبووەکاندا ئەگەڕام. ماڵەکە غەرقی بێ دەنگی و چاوەڕوانی بوو. خەو چووبووە چاوم کە لە دەرگەی دا و وتی: "هەموو گیانی هەر خوێنە، هەستن بەلایەوە." بەدەم خەوەوە ڕام کرد. باجی زووتر لە من گەشتبوو، ماچی کردم و وتی: "خەمی مام نادرم بوو، ئۆخەیش نەجاتم بوو." سیمای زەرد هەڵگەڕا بوو، سەیرێکی باجی و نەنکم کرد و ڕۆشتمەوە ژوورەکە و خۆم فڕێدایە سەر جێگەکەم. بوغزم کردبوو، باجی و ئەوان ورە وریان ئەهات، قاقای پێکەنینیان خستمیە گریان.

٢٠٠١/٥/٢٦

# فرێ یەعنی فریشتە

فرێ تۆ کەوتیتە دوای تامی هەنار و من کەوتمە دوای ڕەنگ و ماناکەی. دەنگی زکری دەروێشەکان، نایەڵن گوێم لە هەناسەکانت بێ. جاران باش هەناسەکانم ئەناسیت. لەبیرتە فرێ وتمان دانیشە بەلای منداڵەکانتەوە، چەند بەویقارەوە تووتنەکەت پێچایەوە و سەرت هێنایە پێشەوە، وتت "دەنگی زیکری دەروێشەکان و لوورەی سەگەکان و هەناسە ڕەشەکانی عەبە لە کاتی جووتبوونا، خەریکە ئەمکوژێ، لێم گەڕێن." کە سەیری بریقەی چاوەکانم کردی زانیم ئەکەویتە دوای خولیاکانت. لەو ڕۆژەوە کە بۆ یەکەم جار لەو ژێرزەمینەدا تۆم بینی فرێ، کە پڕ بوو لە کاکڵە گوێز، پڕ بوو لە ڕەنگ، پڕ بوو لە نهێنی و بنی هەر بەردێکی هەزار یادگار و نامەی تۆی تیا بوو، ئەمزانی ئەکەویتە دوای تامی هەنار. بەڕیز دائەنیشتین و گوێزمان پاک ئەکرد، دایکت هەموو شەوێ لە بەشی خۆمان گوێزێکی لێ ئەبڕین. جوان لەبیرمە تازە مەمکت کردبوو، تۆ تاکە کچێک بوویت نە شەرمت لە ڕووانی مەمکت کرد و نە لە سووری دەرپێکەت. لەناو دوانزە کچدا تەنیا تۆ لێوت بەتوێکڵی گوێز سوور ئەکرد. تۆ هەمیشە بێ ترس لە سەمین لێوت سوور بوو، سوور وەک ڕەنگی هەنار، دڵت بەهەموو شتێ خۆش بوو، خۆش وەک تامی هەنار. گۆرانی وتن و قاقای پێکەنینت، بریقەی چاوە پڕ لە کلەکانت، کە بیر لە چاوت ئەکەمەوە، وەک ئەو شەوانەی تۆم لێ دێت کە لەگەڵ عەبە ئەخەوتی و لوورەی سەگ و دەنگی دەف پڕیان ئەکردی لە تەنیایی و مەرگ. ئەم چاوە زەردانە و ڕەشیی ئەو چاوانە لە کوێ. خۆزگە پێکەوە جارێکی تریش بەدزی دایکت و سەمینەوە گەنمەکانت ئەگۆڕییەوە بەهەنار. ئەو ڕۆژەت لەبیرە کە سەمین جامە گەنمەکەی بینی؟ وەی وەی چی پێ کردی، قیژاندی: "تازە گەورە بووی، ژن و نەوسیان نەوتووە، تۆ عاقیبەت سۆزانییەکت لێ دەرئەچێ خۆم ئەزانم! سۆزانیی چاو باشقەڵ.



"بەیانی دیسان داوێنت پڕ کرد لە گەنم و گۆڕیتەوە بەهەنار. ئاه ئەمە کەی ئەو دەستانەن کە جگەرەت پێ ئەپێچایەوە. بۆنی ئەلکول ئەمباتەوە بۆ تامی ترشی هەڵووژەکانی باخەکەی کەڕە، چەند چڕ بوو سێبەری دارگوێزەکان، چەند سارد بوو مەلەی ناو هەسێڵەکە. تەنیا تۆ بەڕووتی مەلەت ئەکرد، فرێ تۆ بوویت بەدایک و پڕ بوویت لە نهێنی ژان و تەڕی مەمکەکانت، تۆ لە منداڵەکەت زیاتر بۆنی ساوایەتیت لێ ئەهات. عەبەی داماو هەمیشە غەمگین بوو، ئەیزانی تۆ لەتاو تامی هەنار و خولیای ژنێتی خۆت لەبیری ئەکەیت. فرێ تۆ هەموو پیاوەکانت لەبیر کرد ئەگینا ئاوات نەئەکرد. تۆ منداڵییەکانت لە ژێرزەمینەکەی ماڵی باوکتا جێ هێشت، ئەگینا دەستەکانت ئاوایان بەسەر نەئەهات. فرێ چۆن بوو توانیت تەڕیی شیری مەمکت لە یاد کەی، بیرتە کە مەمکت ئەجووڵا شیرت بەمنداڵەکەت نەئەدا تا ئەخوسای تا شیر بەلا ڕانتا ئەهاتە خوارەوە، تا دیسان گوناهەکانت وەک کاڵبوونەوەی ڕەنگی لێوت کاڵ ئەبۆوە تا دڵت وەک زەمیلەی هەنارفرۆشەکە خاڵی ئەبۆوە، خاڵی لە لوورەی سەگ و دەنگی زیکری دەروێش و هەناسەکانی عەبە، خاڵی لە قیژەی سەمین، تا کاتێ کە بۆنی منداڵێکی بۆدرەکراوت لێ ئەهات. هەر لە ژێرزەمینەکەدا پێم وتی: "تۆ لەو ژنانەیت گەر ماڵەکەت لە سووتووە جگەرەی پیاوەکان خاڵی بێ، تووشی سەرئێشە ئەبیت و ئیتر تا ماویت تامی هیچ هەنارێ ناکەیت "سەیری قژت ئەکەم، هەمیشە ئەتوت بەقژی درێژەوە چێژ لە خەوتن نابینم. لەو ڕۆژەوە کە قژت درێژ کردەوە زانیم ئاوات بەسەر دێ. زانیم بەتەمای بڕۆیتەوە و بەڕووتی تا ئەبەد لە هەسێڵەکەی باخەکەی کەڕەدا مەلە بکەیت، تا هەموو ئەو پیاوانەی کە خۆشیان ئەویستی ئەوەندە جگەرە ئەکێشن کە لە دوکەڵی جگەرەکانیاندا ئەخنکێن و وەک هەنار ئەکەونە سەر هەسێڵەکە. ئەوکاتە تۆ هەموو شتەکان دادوەرانە بەش ئەکەیت. ئەوە برینێکی تر تەقی فرێ، ئەم ئاوە زەردە و فرمێسکە گەشەکانت کەی لە یەک ئەچن؟ ژوورەکە تا بێت بۆنی ناخۆشتر ئەبێت. بەدەست خۆم نییە،

هەموو شتە ناشیرینەکانی ئێستا ئەمبەنەوە بۆ جوانییەکانی ڕابردووی تۆ. بۆنی ڕێحانەی لەچکە ناسکەکانت و بۆگەنی ئەم برینانە لە کوێ، نارنجێتی ئەو لێوانە و ڕەشی ئەم لێوانە لە کوێ، دادوەری ئەو دەستانە و زاڵمی ئەم دەستانە لە کوێ، میهرەبانی و مەعصومیەتی ئەو دڵە و تووڕەیی و ناپاکی ئەم دڵە لە کوێ، ئا ئا، ناپاک، ناپاک، وەک زەمیلەی هەنارفرۆشەکە ئەو ڕۆژانەی کە هەنارەکانی لە باخی بێوەژنە بێ خولیاکان ئەدزی، کە غەدری لێ ئەکردی و گەنمی زۆری لێ ئەسەندی و هەنارێکی تەپیوی ئەدایتێ، ناپاک وەک ئەو پیاوانەی بەپاکی ئەچوویتە باوەشیان و ناپاک ماچیان ئەکردی، دەنگی دەفەکە تا بێت زۆرتر دێتە گوێم، لوورەی سەگەکان تا بێت زیاتر لەرزم لێ دێنێت، بیستنی هەناسە ڕەشەکانی کاتی جووتبوون زیاتر پڕم ئەکات لە قورسی و بێ دەنگی مەرگ. بۆ وات کرد بۆ، بۆ بەڵێنت دا خیانەت لە تامی هەنار و قژی کورت و نارنجێتی ڕەنگی گوێز و تەڕ و بڕی شیر بکەیت. بۆ خیانەتت لە پیاوە هەنارفرۆشەکانی دنیا کرد، بۆ وەڵام نادەیتەوە، بۆ دیفاع لە دەستەکانت ناکەیت و ناڵێیت دەستی تۆ و دەستی کابرای هەنارفرۆش لە یەک ناچن، بۆنی ڕێحانەکانی تۆ و بۆنی پیاوە ناشیرینەکانی دنیا لە یەک ناچن، ئاوی هەسێڵەکەی باخەکەی کەرە و ئاوی ئەم برینانە لە یەک ناچن، ئەو شقارتانەی دات ئەگیرساند و ماڵەکەت پڕ ئەکرد لە ڕووناکی مۆمە بەنەوشەکان و گەرمای ژیان و ئەم شقارتە مەرگاوییە، لە یەک ناچن، بۆ شتێ ناڵێی بۆ زووتر نارۆیت و خۆت فڕێ نادەیتە هەسێڵەکە و لەژێر دارگوێزێکدا، بۆ ئەبەد حەکایەتی پڕ لە گوناه و خیانەتی پیاوەکان بۆ ماسییەکان بگێڕیتەوە، حەکایەتی غەدرەکانی دایکت و برینی هەر شەوەی گوێزێ لە ئێمە، حەکایەتی یەکەم ڕۆژی گۆڕینەوەی گەنم بەهەنار و تامی موقەددەسی هەنار، حەکایەتی خەڵەتاندنی کابرای هەنارفرۆش و جوانی زەمیلەکەی، حەکایەتی ماچە نەرم و نیانەکانی خۆت و زبری سمێڵی پیاوەکان، حەکایەتی جێهێشتنی عەبە و هەناسە ڕەشەکانی و دەنگی دەف و لوورەی سەگ. حەکایەتی



نامەکانت لە درزی ژێرزەمینەکەدا، حەکایەتی بینینی یەکەم خوێن، بیستنی یەکەم سۆزانی، ئازاری یەکەم شەق، گەرمایی یەکەم شقارتە، زریکەی یەکەم مناڵ، یەکەم مەلە و یەکەم جامی سارێژ لە گەنم. دیسان لوورەی سەگەکان و دەنگی دەفەکان و زکری دەروێشەکانی سەر نژمار وازم لێ ناهێنن. دیسان چاوی حەپەساوی من و برینە زەردەکانی تۆ. مەمکت لەبری شیر کێمی لێ دێتە دەرەوە. دکتۆرەکە دێت. وام بیست کە گوایە دەمێکە مردووی. سەگەکان پەلامارم ئەدەن و وەک ئەوان ئەلوورێنم. نازانم ئەگریم یان نا، بەڵام باش ئەزانم کە ئەڵێی لە سەهۆڵبەندانێکا، خۆم کردووە بەهەسێڵەکەی باخەکەی کەرەدا، باش ئەزانم لەشم برینارە، بریناری جێ ددانی سەگەکان، هەناسەم سوارە وەک شەوانی جووتبوونت لەگەڵ عەبەدا. حاڵم لێ هاتووە و ڕۆحم پڕە لە زریزەی دەف. ئەیانەوێ بتشۆن، دوای چی کەوتوون؟ چی ئەشۆن ئەیانەوێت داتپۆشن، سەیرە، نازانن جلی دنیات لەبەرکەن هەر ڕووتی، ڕووت، وەک ئەو مناڵانەی لە داوێنت ئەکەوتنە خوار و پڕبوون لە تازەیی و ترپەی دڵیان ڕۆژەڕێییەک ئەڕۆشت. بیرتە فرێ چەند حەزت لە یەکەم گریانی مناڵ بوو، ئەتوت: "هیچ شتێ ئەوەندە ڕۆحم پڕ ناکا لە مۆسیقای ڕەهایی" بۆت بکرایە هەموو ڕۆژێ مناڵێکت ئەبوو. تۆ کەی هەرگیز بەجلەوە مەلەت کردووە؟ نایەڵم، ئەڵێم ئەبێ بەڕووتی هەڵیدەینە هەسێڵەکەوە. پێئەکەنن. فرێ ئەمانە کێن؟ ئەمانە لە نەژادی پیاوە سمێڵ زبرەکانن و من و تۆش نەرم وەک لێو، ڕوون وەک ئاو، سپی وەک شیری مەمک، سوور وەک هەنار، بۆن خۆش وەک گەڵای گوێز. بیرتە ئەتوت: "هەر پیاوێ ماچ ئەکەم، ئەڵێ ئەزانی تۆ یەکەم ئافرەتێ بووی دەمی تامی گەڵا گوێزی تەڕی ئەدا. نازانم بۆ عەبە هەرگیز بەم نهێنییەی نەزانی؟" ئاه فرێ شەرمم ئەکرد بڵێم وایان بەمنیش وتووە. با هەر بڵێن، با سەمێن هەر بڵێ بەمردووییش سۆزانییت. لێیان گەڕێ با هەر دەنگیان لە لوورەی سەگ بچێ، گوێی من و تۆ پڕە لە مۆسیقای ڕەهایی، دکتۆرەکە ئەڵێ: "ئەبێ بەپارە بیبەنەوە" ئای لەم بەدبەختییە، فرێ مەرگیش

بەپارەیە، من و تۆ هەرگیز ئارام نابینەوە، من و تۆ ئاوین، هەر ئەڕۆین، سی ڕۆژە مەیتەکەت لێرەیە. سەمین هەڵئەسێت و دائەنیشێ: "ئەڵێ سۆزانی لە کوێم بوو. هەموو باخەکەی کەڕەش بفرۆشن، بەشی ئەوە ناکا تۆ لەم مەیتخانەیە ببەمە دەرەوە." هەر ئەتبەم و ئەتخەمە هەسێڵەکەوە، لەوێش نائارام، تا ئەبەد حەکایەتی یەکەم سەگ و یەکەم دەف، یەکەم پیاو و یەکەم عەشق، یەکەم سووراو، یەکەم ڕووتبوونەوە لە بەردەم ئاوێنەکەدا، حەکایەتی ئاخرین خەمێ کە وای بەسەر هێنای، حەکایەتی ئاخرین خیانەتێ کە دڵ و دەستت لێیان کردی، حەکایەتی ئاخرین شقارتەی کە کردتی بەخەڵووز، حەکایەتی ئاخرین هەناسە و ئاخرین ڕوانین، حەکایەتی بینینی یەکەم تەپڵەکە جگەرەی خاڵی و یەکەم تەنیاییماڵەکەت، حەکایەتی ئەو هەنارانەی تامیان نەبوو، حەکایەتی لەبیرکردنی پیاوەکان و سووتانی دڵت. دەی فرێ، ئەمەش هەسێڵەکە و سێبەری چڕی دارگوێزەکان، دەی وەک پەرییەکی دەریایی ببە بەدایکی ماسییەکان و لێرە، نائارام، ئارام، ئارام حەکایەتی خوێن و پیاو و مەرگ بۆ ماسییەکان بگێڕەوە، فریشتە.

٢٠٠٢/١/٢

# ڕۆژی دزینی دەسڕەکان و ماچە حەرامەکانی باوکم

تەنیا قاچە ڕەشەکانی ژنەکەم ئەبینی، قولەپێیەکی ڕەش و پاژنەیەکی قلێشاو. قاچە ڕەش و باریکەکانی باوکم بەردەوام ئەجوولانەوە، با چمکێکی پەردەکەی لادابوو، دایکم چایی لێ ئەنا، وتم ئەمە کێیە؟ سەری قۆرییەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە و وتی: میییوااان. دەنگی ئەلەرزی و دەمی ئەهات بەیەکا، بۆنی چایی کولاو ئەهات، دەنگی لەرزۆکی دایکم و پەردە بابردووەکەی ژوورەکە و قاچە قلێشاوەکان و هەناسە شڵەژاوەکانی باوکم تووشی سەریەشەیان کردبووم. هەستم بەشتێکی سەیر ئەکرد لەسەر دڵما. قورس وەک هەڵمات، هەڵماتی چی بەقەدەر هێلکەیەک ئەبوو، دیسان ڕامکردەوە دەرەوە و ڕۆیشتمەوە پشت پەنجەرەکە، هیچم نەئەبینی، لە درزی شووشەی شکاوی پەنجەرەکەوە فووم لە پەردەکە ئەکرد، نەء هەر هیچم نەئەبینی، لەپڕ نەسیمێکی فێنک هەڵی کرد، ساحێبی قاچە قلێشاوەکان باوکمی ماچ ئەکرد، دایکم لە ئاشپەزخانەکەدا دانیشتبوو، سینییەک چایی لە بەردەمیا دانابوو، سەرنجی پیاڵە چایەکانم دا هەڵمی لێ هەڵنەئەستا، دایکم ئەگریا، شتە قورسەکە لەسەر دڵم قورستر بووبوو هەستم ئەکرد بەقەدەر شووتییەکی لێ هاتووە، هیچم بۆ نەئەوترا وەک دایکم کە نەیتوانی بڵێ میوان، خۆم فڕێدایە باوەشی و گریام، سەری بەرزکردمەوە و وتی: وس کەرەگیان باوکت گوێی لێ بێت ئەمانکوژێت. سەر دڵم تا ئەهات قورستر ئەبوو دەستم بەر پاژنەی دایکم کەوت ساف و نەرم بوو، دایکم وتی: ئای ڕۆڵە با گەورە بیت و لەم جۆرە میوانەت بێ جا بەحاڵم ئەزانی. سەر دڵم لە شووتییەکەش قورستر بوو، بەدەم چڵم هەڵلووشینەوە ڕام کردە حەوشەکە، لە سووچێکدا گوێنییەک دەسڕم بینی،



زانیم هی ژنە قاچ قلێشاوەکەیە، ڕۆیشتم چەقۆیەکم هێنا و سووچێکی بچووکم لێ دڕی و کراسەکەم خستە ناو پانتۆڵەکەم و لە ملیوانەکەمەوە پڕم کرد لە دەسڕ، پاشان گیرفانەکانم، دوو تاڵ لە بەنی گوێنییەکەم ڕاکێشا و دەرقاچەکانم پێ بەست و پانتۆڵەکەشم پڕ کرد، چەند دەسڕێکیشم خستە سەریەک بۆ لووت سڕین، بەجۆرێک کە کاتێک ئەمویست لووتم بسڕم لە تاو زۆری دەسڕەکان دەموچاوم دیار نەئەما.

تەنەکەیەک نانە ڕەقە و ئینجانەیەکی پڕ لە خۆڵیش لە پاڵ فەردەکەدا بوو. یەکەم جار تەنەکەکەم خاڵی کرد و نیوەم کرد لە دەسڕ و نانەکانم کردەوە سەری، لە تاو زۆری دەسڕەکان قورس بووبووم، سەیرێکی ژوورەوەم کرد دایکم دیار نەبوو ئەمزانی گەر پێم بزانێ و دەسڕەکان ببینێ تووڕە ئەبێ، هەرچەندە باوکم دەسڕەکانی بۆ ئەو ژنە قاچ ناشیرینە کڕیبوو کە لە ژووری نوستنەکەمان باوکمی ماچ ئەکرد، ڕۆشتمە ژوورەکەی تر و قاڵییەکەم هەڵدایەوە و دەسڕەکانم خستە ژێری، چوومەوە پشت پەنجەرەکە، ژنە قاچ ڕەشەکە هەر باوکمی ماچ ئەکرد، سەرم کێشایە ئاشپەزخانەکە و دایکم چایەکەی گەرم کردبۆوە، بۆنی پیاز و ڕۆن تێکەڵ بەبۆنی چایە کولاوەکە بووبوو، دایکم بەدەنگی بەرز ئەگریا، عەلاگەیەکی بۆ فڕێدام و پارەی دامێ تەماتە بکڕم، کە گەڕامەوە حەوشەکە دیسان گیرفانەکانم پڕ کردەوە لە دەسڕ، تەنانەت عەلاگەی تەماتەکەش، هەموو منالانی کۆڵانم بانگ کرد و دەسڕەکانم بەسەریاندا دابەش کرد، تا هەفتەیەک لووتی منالەکان پاک بوو، تەماتەکەم دانا و گەڕامەوە پشت پەنجەرەکە، پەردەکە کەمتر ئەجوولایەوە، بەڵام هێشتا ئەمتوانی قاچیان ببینم، هەستم ئەکرد سەر دڵم بەقەدەر فەردەیەک پەتاتەی لێ هاتووە، نەم ئەزانی قورسایی سەر دڵم هی بۆنی تیژی چایە کولاوەکە بوو، یا هی فرمێسکەکانی دایکم یا هی قاچە ڕەش و عەجوولەکانی باوکم، یا دزینی دەسڕەکان.

نیو سەعات لەمەوپێش کە هاتمەوە جووتێک پێڵاوی ژنانەم لە بەردەرگای ژووری نوستنەکەمان بینی، جووتێک پێڵاوی پاژنە بەرزی نووک باریک،

لە ڕۆژی دزینی دەسرەکانەوە زۆر شت گۆڕاوە جگە لەو قورساییەی سەر دڵم، تا کەمێکیش دوای دزینی دەسرەکان ئەمزانی سەر دڵم چەند قورسە بەڵام ئێستا حسابیم لە دەست دەرچووە، هەرگیز هۆی ئەم قورسییەم نەزانیوە، نەمزانی هی قرچەی ڕۆنەکە و فرمێسکە هێمنەکانی دایکم یا هی پێڵاوە بەرزەکانی بەردەرگای ژووری نوستنەکەی خۆمە یا هی ئەم مۆسیقا پڕ لە خەمەیە کە لە درزی دەرگای ژووری نوستنەکەمەوە دێتە دەرێ، نازانم؟

با پەردەی بەر پەنجەرەکە لائەدا، ورەم تیا نییە بڕۆم و بەدزییەوە سەیری قاچی ژنەکە بکەم و بزانم پاژنەی پێی مەعشووقەی مێردەکەم نەرمترە یا مەعشووقەی باوکم، ئەمەوێت شتێک بڵێم ناتوانم، دەنگی منیش وەک دایکم ئەلەرزێ کە نەیتوانی بڵێ: میییواااان.

ئاو بەلووتمەوە ناوەستێ، بۆ دەسرێک ئەگەڕێم و سەیری سەر مێزەکە ئەکەم دوو سێ دەسڕ کەوتووە و دوو پەرداخ دانراوە، دەسرێکیان هەڵئەگرم بۆنی عەترێکی تیژی ژنانەی لێ دێت، قوڕگم وشکە و ئەمەوێت چۆڕێک ئاو بخۆم، لێواری پەرداخەکە کەمێک سووراوی پێوە ماوە، ئەڕۆمە بەر ئاوێنەکە و ئەنووسم ڕۆژی دزینی دەسرەکان و ماچە حەرامەکانی باوکم و مێردەکەم، پێڵاوەکانم ئەگرم بەدەستمەوە و بۆ هەمیشە ئەڕۆم.

ئێستاش پاش تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە، دەنگی مۆسیقاکە هەر لە گوێمایە و پێڵاوە بەرزەکانیش هەر لە بەرچاومەوە و دەنگم ئەلەرزێ و هەست ئەکەم دڵم لە دڵی ڕۆژی دزینی دەسرەکان قورسترە.

# پێڵاو

من ئەگریام و هیتلەر زللەی لێ ئەدام و چاوی ئەبڕییە ناوچاوم و ئەی وت: (ئەم لەچکە خۆڵەکەوەییە چییە لە سەرت کردووە، پڕە لە گوڵی ڕەش و زەرد، لایە لە ئاوێنە ئەچێت، خۆمم بیر ئەخاتەوە، من ئەگریام و تۆ هێشتا بەدوای ژمارەی پێڵاوەکانتا وەیلان بوویت. سەیرێکی جێ پەنجەکانی هیتلەریشت نەئەکرد، گەرەکت بوو بەدوای ژمارەی پێڵاوەکانتا بڕۆیت و منیش ئەموت: (گوێ بەژمارە مەدە هەر چیت پێ خۆش بوو)، هیتلەر ئەهات و بەقژ ئەیبردمە ناوجێگا، تۆش ژمارەی پێڵاوەکانت لەبیر ئەچۆوە. من ئەموت ئەوەندە کەوتیتە دوای ژمارەی پێڵاوەکانت تا هیتلەر لەشمی لەتوکوت کرد، تۆ ئەگریایت و ئەهاتی سوێند بخۆی بەو یەکەم ژنەی کە ناسیوتە، من ئەمقیژاند و جارێکی تر لە سەرمادا حەزم لە گەڕانەوە بوو بۆ ناو سکی دایکم، تۆ حەزت نەئەکرد ئاخرین تەڵی شقارتە کە پێت بوو دایگیرسێنیت و ئاگرەکە هەڵکەیت، بەڵام هیتلەر ئەهات و لەشی خۆی ئەکرد بەئاگر، من هەرگیز گەرمم نەئەهاتەوە، دیسان تۆ ئەتوت: (ئەبێ بڕۆم)، من ئەگریام، (بڕۆ، جا هەموو شەوێک وەکو ژنی فلیمەکەی مناڵی کە هەموو شەوێک چنگێ حەبی ئەخوارد تا خەوی لێ بکەوێت. تۆش دەبێت والیۆم بخۆیت و بپاڕێیتەوە تا خەوێک ببینیت بە...)، هیتلەر دیسان ئەهات و منی ئەبرد و تۆش لە خولیای پێڵاوەکانتا هەموو لەشت ئەبوو بەگڕ. من ئێستاش دەڵێم جوان نەگەڕاویت، یەعنی هەموو پێڵاوفرۆشەکانی ئەم وڵاتە گەڕاویت؟ ئەموت ئەی قوڕ بەسەرت ئەبێت لە شوێنێکدا بۆی بگەڕێیت، کە وردە وردە گەورە بوویت. بیرتە لە چیرۆکێکی تریشدا نووسیبووم (بیرتە هەردووکمان پێکەوە پێڵاوەکانمان بچووک بوونەوە) بیرتە قیژاندت، (ئەی باشە تۆ چۆن ژمارەی پێڵاوەکانت

(*) دێرێک لە شیعری (ئەسپەکان ئەوەرن ئەی خۆزگە بۆ بمرن) ڕەزا عەلی پوور.



ئەزانی؟) تۆ وەک ئەو کاتەی هیتلەر وڵاتی لەشمی داگیر کرد سوور ئەبوویتەوە و ئەتقیژاند (تۆ شەیتانی، شەیتان)، بەرماڵم دائەخست و (ئەموت خوایە خۆت سڕی پێڵاوەکانی ئەم و، خۆشی لەزەتەکانی هیتلەر هەڵماڵە، خوایە تا کەی بێ دەنگیت؟) ئەگریام و ئەموت من دوای هاتنەوەم لای هیتلەر لە ژمارەی پێڵاوە نەناسەکەی تۆ ئەچم تۆ تووشی دڵەڕاوکێ ئەبوویت و ئێمە پێکەوە سێ شەیتان بووین و دایم ئەسووڕاینەوە ناشکور بووین. شەوێک هیتلەر ئەوەندە بوو بەگڕ تا بوو بەمشتێ خۆڵەکەوە، پێڵاوەکانی لای جلەکانی دابوو تۆی بیر خستمەوە، هیتلەر ژمارەی خۆشییەکانی خۆی و لەشی من و خاکی لەبیر چۆوە تا ڕۆژێک سڕی هەڵماڵرا و بوو بەمشتێ خۆڵەکەوە. تۆ پێڵاوەکانت کردە پێت و پڕ بەپێت بوون، تۆ ئەگەشایتەوە و من ئەگریام، دڵم زۆر کات لێی دابوو کە لەوانەیە پێڵاوەکانی پڕ بەپێت بێت.

من ئەگریام و تۆ زللەت لێ ئەدام، چاوت ئەبڕییە ناو چاوم و ئەتوت ئەم لەچکە چییە لە سەرت کردووە. تۆ ئەهاتیت و بەقژ ئەتبردمە ناو جێگا و من ئەموت و ئەڵێم هیتلەر ناو زۆرن تا ئەبن بەمشتی خۆڵەکەوە، بەڵام من لە خۆتان و ژمارەی پێڵاوەکانتان گەورەترم، من ئەڵێم حەوسەڵەی هەناسەم نەماوە.

# مردی که همیشه همراه اسبهای خیالیش پرواز می کرد

مرد گفت: (اسبهای روی دیوار پرواز می کنند.) پنجره خانه‌اش رو به کوچهء بن بستی بود. که همیشه مرد جوانی با چرخ سیبش در انتهای کوچه ساکت مشغول گردگیری سیبها بود. از اسبهایش می گفت که قرار بود بخرد. اوایل آشناییشان گفته بود: (نمی بخشمت به کسی. نه به صفحات و نه به چشمها و نه به گوشها. نمی خواهم هر جوری که هست مال دیگران باشی.) زن همیشه می گفت: (شدم صنم بانو(*)، و همه‌اش تقصیر تو بود.) وادارش کرده بود بنویسد، شاید در زن دنبال گمشدگیش می گشت. انار را نگاه کرد و یاد اولین روسری سرش افتاد. آنروز از صبحش، توی خودش جاش نمی شد. به کارمندهای اداره گفته بود: (مضطربم، نفسم سنگین شده، فکر کنم مریضم.) شبش خواب زن روسری سفیدی را دیده بود. مثل کولی ها، از گاری مرد سیب خریده بود و مصرانه می خواست از کوچهء بن بست بگذرد. احساس می کرد از پنجره او را دیده، توی خواب صدایش کرده بود: (آهای کولی، آهای زن.) همیشه وقتی مرد را می دید شروع می کرد به گله کردن. می گفت: (خودت گفتی بخشیدنی وجود ندارد، اما حتی حرفهایم را دادی به این و آن. میخواهی دلتنگ نباشم؟ همیشه از کوچهء باغهای پر از انار برایم می گفتی، بعد چیزی نبود، چیزی ندیدم بجز صدا کردن خودم از کوچه‌ای که بن بست بود. همیشه خودت تنهایی درخوابهایت درباغ انار دنبالم می گشتی، کنارت بودم، لمسم می کردی اما صدایم می کردی (آهای کولی آهای). تو هیچگاه مرا ندیدی، تو هیچگاه من را نمی بینی. صبح که

(*) اشاره به شخصیت های اصلی (آیینه های دردار)، هوشنگ گلشیری.



آمده بود، مرد یکه شده بود و نزدیک بود فریاد بزند. زن متعجب و بی آگاه اضطرابش را می دید. همان روسری و همان اسم، یاد خوابش افتاده بود. برایش چیزی خواند، آخرش نوشته بود: (هرشب به آن کوچه خواهم آمد تا دری بیابم و رد شوم.) بعد با شتاب رفته بود. مرد بعد از رفتنش ساعتها نوشت. در زد. گفت: (این انار را جا گذاشته بودم، دیشب رفتم از کوچه سیب بخرم تا بعد از تمام نوشته نفهمیدم بجایش انار خریده‌ام.) مرد همهء آمد و رفتنهایش، همهء لباسهایش، همهء حرفها و همهء اعضای بدنش بجز چشمهایش را که نمی توانست انتخاب کند مال چه کسی باشد به دیگران بخشیده بود. همیشه وقتی چیزی می نوشت چشمهای زن را می داد به زنی که وجود نداشت، اما زود پشیمان می شد. برای هیچ صورتی مناسب نبود. متاسفانه مرد دیر فهمید آن چشمها فقط باید مال زنی اصیل، زنی که وجود داشت، باشد. زنی که سرشار بود از کلمه، زنی که بقصد خرید سیب گذرش به آن کوچه افتاده بود اما ناخواسته انار خریده بود. مرد ناگهان درک کرده بود زن حق داشت دلتنگ باشد، چون او را مثل ابراهیم(*) بخشیده بود به دیگران. ابراهیم، صنم بانوی کامل را می بخشید تا سمنو، همان سمنوی چهارده ساله‌ای که زیر نور مهتاب انگشتهایش پر بود از حلقه های دوست داشتن پسرکی ترسو که فقط بلد بود انشاهای خوب بنویسد، همان سمنویی که منتظر بود ابراهیم دزدکی دستهایش را ببوسد، بیابد. ولی مرد می بخشید تا همه‌اش را یکجا از دست بدهد. آنقدر مشغول حرف زدن شدند که باز نایلون را جا گذاشت. اینبار برنگشت. خواسته بود از اسبهایی که مجبور است بفروشد، باز هم صحبت کند. فروخت، بجایش به اسبهای روی دیوار دلخوش کرد. ناگهان پیدایش شد، هرشب به خوابش می آمد. با او زندگی می کرد، غذا می پخت، سیبها را توی ظرف شیشه‌ای می چید، انارها را دانه می کرد، اتاقها را جارو می کرد و دایم توی آشپزخانه مشغول درست کردن مربا و شیرینی بود. جدی و مهربان به دردهایش گوش می

کرد و وقتی مریض می شد و تب داشت، پاشویه‌اش می کرد و همیشه به خیابان نگاه می کرد انگار که دلش می خواست برود. دلش بحال مرد سوخت، بیشتر ماند بخاطر اسبهای روی دیوار.

ناگهان بعد از چند سال آمد. همان روسری سفید سرش بود. در همان جای قبلی نشست و گفت: (دلم برای همه تنگ شده بود. هنوز جرأت نکرده‌ام از کوچهء خودمان بگذرم. یأس از همان ابتدای کوچه سبزی‌اش به چشم می خورد و بویش درکوچه می پیچد. عاقبت از کوچهء بن بست گذشتم، نگاه که کردم فقط نایلونی پاره و سیاه دستم بود.) گفت: (حالا کوچهء بی انتهایی است که فقط گاه گاهی که خیلی دلتنگم، دلم میخواهد به انتهایش برسم. یکبار خواب دیدم یک قبر وجود دارد، قبری بزرگ و پهن.) زن مجال گفتن نمی داد. مرد فقط کامل شدن و بزرگ شدنی همراه با تارهای سفید مو را درچهرهء کولی وارش دید. مرد هم به گذشتن از کوچهء بن بست فکر می کرد. باز به زن نگریست. می دانست گذشتن از کوچه آنهم با دست خالی سخت است، با دستهایی که نه اناری در آنها بود و نه بوی سیب می دادند. فقط زن مهربانتر از پیش شده بود و بهتر می توانست به همه، بخصوص مرد گوش کند و درکش کند. ساکت بود، گفت: (فقط دلم می خواهد از حال اسبها باخبر شوم.) مرد گفت: (اسبهای روی دیوار هنوز در پروازند.) زن سرش را تکان داد و لبخندی پر از بیهودگی سر داد و گفت: (تو هم هنوز همه چیز زندگی‌ات شده شعر، تو هنوز خواب می بینی، اسبها هیچگاه پرواز نکرده و نمی کنند. من هیچگاه نخواهم بود، من از کوچه گذشته‌ام و فکر می کنم هرگز دوستت نداشته‌ام هرچه بین ما بود جز دوستی ساده چیزی نبوده، اما درکنار خودت روی همان بالش کوچک که اگر تکان می خوردی سرت پایین می افتاد دنبال من می گردی، ولی من دیگر نیستم و نخواهم بود، نه در کوچه‌ای که مرد با چرخ سیبش ساکت نشسته بود و نه در کنار خودت روی همان بالش کوچک.) بیهوده تر از پیش خندید و ادامه داد: (وادارم کردی که



بنویسم، نوشتم، اما این جملهء آخر نه شعر است و نه رؤیا، چیزی نیست بجز اینکه من واقعا فکر می کنم تو هنوز خواب می بینی.) نصفی از موهای سر مرد سفید شده بود و خوابش برده بود.

۲۰۰۱/۳/۹

# روشنایی زنی تاریک

به حلقه‌اش نگاه کرد دلش می خواست آنقدر تنگ شود که هیچوقت درنیاید. خسته بود و پاهایش ورم کرده بود. سبزی ها را دور خودش جمع کرده بود، آنقدر زیاد بود که می توانستی کف تمام اتاقها را با آن بپوشانی. به تلویزیون نگاه کرد. احساس کرد آنقدر آشفته است که تنها مرگ می تواند جمع و جورش کند. یادش نمی آمد چه کسی گفته بود: (مهم نفس کشیدن است.) مهره‌های پشتش تیر کشید. با خود گفت: (من فقط دوست دارم آنقدر سرم را بسرش نزدیک کنم تا بمیرم.) داد می کشید، گریه می کرد و می گفت: (از دوست داشتن شبی را می خواستم که تا صبح احساس کنم کسی تمام نفسها و حرفها و نگاه هایم را می فهمد.) بخودش آمد، فکر کرد باید تمام سبزی ها را پاک کند. تکانی خورد به انگشتش نگاه کرد. داشت فراموش می کرد. فکر کرد تنها این حلقه است که مهم است. چشمهایش را مالید و گفت: (تا فشار این حلقه را احساس کنم، می توانم تاب بیاورم.) اشکهایش باز سرازیر شد. احساس کرد زخمی با خود دارد و تنها گذر زمان است که می تواند آرامش کند. به یاد حرفهای امروز مرد افتاد که گفته بود: (دلم می خواهد با زنجیر آنقدر ببندنم به تو تا احساس می کنم جوری جذبت شده‌ام.) دلش بحال مرد سوخت. بیچاره عاشق بود. امروز شش ساعت خیابانها را گشته بودند. پشت ویترینها ایستاده بودند. انگشترها و النگوها را نگاه کرده بودند. به قالیچه‌ها دست کشیدند و آبمیوه خوردند، هرکدام جداگانه و در دل خود برای آینده نمور و تاریک خود نقشه‌ها کشیدند. رفتند رستوران و غذا خوردند، زن با صدای بلند و کشدار می خندید و به مردهای غریبه نگاه می کرد. مرد نمی خواست خوشحالی زن را بهم بزند، هرچند از خنده‌های کشدار زن جلوی مردهای غریبه خجالت می کشید. زن



گریه‌اش گرفت، به اندک روزهای باهم بودنشان فکر کرد. فحش دادنهای مرد هم شروع شد. اصرار می کرد و می خواست تمام اعترافهای زن را بشنود. زن نمی دانست چه کند، فقط نیاز مبرمی به رها شدن در خود یافت. ناگهان مرد مهربان شد. زن مثل همیشه فراموش کرد، گرفتارش شده بود، نمی توانست دل بکند. در خود می سوخت. آنقدر مشغول فکر کردن بود که وقتی دستش را برید تا تمام دستش خونی نشد نفهمید. خونی سرخ رنگ فوران کرد. چاقو را پرت کرد و همانجا دراز کشید، به پاهایش نگاه کرد همچنان ورم کرده بود. دستش را با دامنش پاک کرد و تند فشار داد. مطمئن بود مرد حالا به اعترافهای نکردهء زن فکر می کرد. او می دانست که غصه می خورد و غمهایش بیشتر از هر زمان دیگر است. بلند شد، سبزیها را شست، به آسمان نگاه کرد به سیاهی و ظلمت به خفقان سفرشان، نمی توانست ذهنش را راضی به یادآوری آن لحظات کند. لرزید، آسمان سیاه بود و تلخ، مثل مرد هنگامیکه عصبانی می شد و اعتراف می خواست. زن به پاکی خودش شک می کرد. آخرش رفتند دکتر مرد دندانهایش را پر کرد و وقتی دستشان را توی دستشویی شستند، مرد سرش را نزدیک کرد و زن را بوسید و بویید. زن فکر کرد تا حالا مرد اینگونه نبوسیده بودش شاید بیشتر از همیشه حرام بود. بعد حلقه خریدند و جلوی همان مغازه انداخت دست زن. یک جوری شد مثل تیرکشیدن تمام بدن، یا احساس اینکه داری در فضا و خلأ گام برمی داری. مرد هم اعتراف کرده بود که لرزیده است تمام اعضای بدنش. بلند شد و دستمالی آورد. فکر کرد باید تمام این پنجره‌ها را پاک کند. اندیشید. نگاه کردن از پشت شیشه های دوداندود آدم را عصبانی و کسل می کند، بعد فهمید که شب است و زنها عادت ندارند شبها شیشه‌ها را پاک کنند. خوشحال شد، پارچه را پرت کرد کناری. تاریکی سنگینی در خانه حکمفرما بود. زن به این اندیشید تنها فکر کردن به مرد و دوست داشتن می تواند روشنش کند. هرچند مرد احساس کند که زنی بسیار تاریک را دوست

دارد. پتو را تا زیر چانه‌اش کشید و باز به این اندیشید تنها خواب است که می تواند باز امکان دیدار با مرد را تا صبح ایجاد کند. خمیازه‌ای کشید و به مردی که از دنیا فقط شبی را می خواست که تا صبح کنار زن دراز بکشد و دستهایش را توی موهای زن بگذارد و آنقدر دستهای زن را فشار دهد تا بمیرد، به مردی که از روزی که دوستش می داشت لحظه به لحظه روشنتر از پیش شده بود. مردی که گاه گاهی توی خیابانهای غریب شهر، زن را به باد کتک می گرفت. حلقه‌اش را بوسید و توی افکار درهم خود گم شد.

برای لحظه ای احساس کرد سنگین شده است. نمی تواند راه برود و چشمانش تار شده است. جایی را نمی توانست ببیند.

راننده‌ها نگاهش می کردند و حرفهایی می زدند که نمی فهمید. دلش می خواست می توانست همان لحظه دچار تمام آن گناههایی که مرد بهش فکر می کرد می شد. سرش را پایین انداخته بود و به بن بستی که همیشه ازش می ترسید و چند بار هم به آن رسیده بود و همیشه مرد نجاتش داده بود فکر می کرد. همیشه مرد مهربان می شد و باز؛ زن شورانگیز و ساده، بیشتر از پیش دلبسته‌ء مرد می شد. نمی خواست به پشت سرش نگاه کند. چشمهایش حالتی عجیب پیدا کرده بود. سفیدی چشمش، مایل به سیاه می نمود و مردمکش از همیشه پررنگتر. دیروز هم مرد تهدید کرده بود همه چیز را می گذارد و می رود. وقتی شنید حالت استفراغ پیدا کرد. رفت طرف فواره و دستهایش را توی آب گذاشت و فکر کرد آنقدر جیغ بکشد تا گلویش پاره شود ولی زود پشیمان شد. برگشت طرف مرد و گفت: (خوب کاری می کنی، زندگی است دیگر.) بهانه گرفته بود که برگردند ولی مرد گوش نکرده بود. بجای دور خیره شده بود. راضی بود مرد باز برگردد و هی بلند بلند به او و تمام مقدساتش فحش بدهد. فقط برگردد. گه‌گاهی به پشت سرش نگاه می کرد. کسی پیدا نبود. طعم تلخی توی گلویش بود. به حلقه نگاه کرد و دو سه بار



خواست پرتش کند. بعد به لحظه‌ای فکر کرده بود که آنرا توی دست مرد میگذاشت، تصور کرد چه حالی می شود، امکان داشت باز زن را بزند، یا بلند بلند فحش بدهد و چشمهایش کوچک شود ولی می ارزید. با خودش گفت: (بیچاره احساس می کند عاشق است.) یاد همخوابگی با مرد افتاد. چندشش شد. مطمئن بود مرد حالا هی راه می رود و به تاریکی زن فکر می کند. مرد دچار کابوسی شده بود که لحظه به لحظه گریبانش را می گرفت.

تار موهای سفید سرش را نگاه کرد، از وقتی باز مرد را پیدا کرده بود بیشتر شده بود. مرد همیشه به او و افکارش خندیده بود. خواست همان شبانه حلقه را ببرد و بگوید آنقدرها هم تاریک نبوده که او فکر می کرده است. ترسید مرد بلند بلند همه چیز را بگوید. داشت خودش را راضی می کرد که تمامش کند. بهترین راه بود، هرچه زودتر بهتر. ولی از تصورش لرزید و قلبش تیر کشید. ساعت تیک تاکش از همیشه صدادارتر. به پرده نگاه کرد، سیاه می دیدش. پلکهایش دوسه بار باز و بسته کرد و گفت: (نمی دانم تمام زنها وقتی مردهایشان را از دست می دهند، پرده‌های سفید را سیاه می بینند.)

با ترسی عظیم از فردا به رختخوابش پناه برد. بلند بلند گفت: (همیشه از این می ترسیدم که روزی برای کسی تعریف کنم و بگویم زمانی مردی را دوست می داشتم. مردی که عشقش را فدای افکار درهم و کابوسهایش کرد.) بیشتر جمع شد و دلش می خواست می توانست به هیچ چیز فکر نکند. بیشتر از همیشه به تنگی حلقه‌اش اندیشید. انگشتش باد کرده بود. حلقه داشت کوچک می شد. نخوابید. حلقه‌ء بدلیش داشت انگشت واقعی‌اش را قطع می کرد.

۲۰۰۰/۵

# ورتە ورتەکانی تەنیایی

زیاتر پەتووەکەی لە خۆیەوە ئالاند، ناتوانی برۆیت، لەگەڵتام بۆ هەر کوێ برۆیت، چی لە خانە عاشقەکانی لاشەت دەکەیت، خانە خۆڵەمێشییەکانی رۆح و ئەندێشە لە من ئالاوەکانت، تازە تێکەڵ بووین، من پڕ لە خەونی رەنگاورەنگ و سەبر، ئەو ئەندێشانەی هێندە سامناک و قورس و غەریبن ناوێرم بێجگە لە تۆ بۆکەسیان باس بکەم، تۆیش پڕ لە نیگای قورس و بێدەنگی و خەیاڵی بەیانی و ئەندێشەی ئاسایی. تا ئێستا بیرت لەوە کردۆتەوە بەیانییەک لە خەو هەڵئەسیت و سەیری ماڵەکەت ئەکەیت پڕە لە بێدەنگی، ئەڕۆیت و بەبێزارییەوە چایەک لێئەنێیت، سەیری ناو زەرفشویەک ئەکەیت حاجەتی پیس کەڵەکە بووە، پەرداخێک چا تێئەکەیت، کورسییەکەی بەرامبەرت خاڵییە، ئەتەوێت قومێک چا بخۆی و دڵت نایبات، لەپڕدا مووچڕکەیەک بەلەشتا دێت، بیرکردنەوە لە من سەد ئەوەندەی تەنهایی ماڵەکەت تەنیاترت ئەکات. پەرداخە چایەکەت لە دەست ئەکەوێتە خوارەوە، بێدارییەکی ناخۆش دات ئەگرێ.

دەستی هێنا بەقژیدا و سەری وەرگێڕا بەلای خۆیەوە. گوێی مەدەرێ ئەگەر ئەتوانی برۆ، چییە بێ دەنگی، ئای ئەم پەردە سوورە نازانی کە جار جار چەند دڵم تەنگ ئەکات و چەند هەست بەداماوی ئەکەم بەدەست ئەم عیشق و خۆش گەرەکبوونەوە. زوو شاعیرێکم ئەناسی کاتێ کە بێ تاقەتی هاوڕێکەی ئەبوو ئەوەندە ناوی ئەنووسی کە ئەتوت ئاوێنەی خستۆتە بەر ئاوێنە و... ئەوە چییە وابزانم تۆیش سووری ئەم پەردەیە وەڕسی کردوویت، ئێستە لای ئەدەم چ تاقەتێک!! لەو کاتەوە کە قسە ئەکەم بۆ دوو جێگا ئەڕوانی، بیر لەوە ئەکەیتەوە کە لە ئیش ئەگەڕێیتەوە تەمەننا ئەکەیت کە دەرگات کردەوە بۆنی خۆرشت سەوزی ماڵەکەی پڕ کردبیت، بەو خەیاڵەوە دەرگا ئەکەیتەوە و سەرمایەکی سڕ باوەشت پیا ئەکات. دەرگای سەلاجەکە ئەکەیتەوە و تۆزێک سوسیی سارد دەردێنیت و بەقێزەوە دوو سێ پاروو



ئەخۆیت، سەرت ئەکەیتە سەر مێزەکە و خەریکە خەو بتباتەوە. خەیاڵی من خەوت ئەورووژێنێ، ئەگەر من لات بوومایە دەستم ئەگرتی و هێواش ئەموت هەستە بچۆرە ناو جێگاکەت، چەرچەفێکی بەنەوشم پیا ئەدایت.

سەد خۆزگە بەسووری پەردەکە، ئەم خۆرە زۆر زەق و ناخۆشە وانییە؟ ئەوە بۆ هەر بێ دەنگی، شتێ بڵێ و سەیرێکم بکە، مەگری بەرگەی لەمە خراپتریش ئەگریت ئەگەر سێبەرەکەمت لەگەڵدا بێت وانییە؟ ئەوە پەردەکە دادەدەمەوە چاکتر نییە؟ هەستە ئەمەوێت خۆرشت سەوزیت بۆ لێبنێم. بیر لە هیچ مەکەرەوە نە غەریبی و نە تەنهایی. لە بیرت بێ من سێبەرتم سێبەر.

## ناوەڕۆک


چاوچنۆک ........ 9
(...) ........ 11
یاربوونەوە لەگەڵ سێو ........ 13
یەک ........ 15
دڵەڕاوکێ ........ 17
(...) ........ 19
جادەی ژنە لە خوا نەترسەکە ........ 21
(...) ........ 23
مەرگی سێبەرەکان ........ 25
(...) ........ 26
(...) ........ 27
تاریکی ........ 28
ئەم پیاوە شێتە، ئەم پیاوەی من ........ 29
پەنجەرە ........ 30
ئەو پیاوەی کەس ماچی نەدایە کاهووەکان نەبێ! ........ 33
لەبیرچوونەوەی ناوێک ........ 35
مەراق ........ 37
(...) ........ 39
لوتکە ........ 41
ئێوارەی هەڵفڕین ........ 43
ئاگر ........ 45
تاکەی دەریا هەروا شین بێ ........ 47
گۆرانییەکانی ئەوسا ........ 49
شەوێک ........ 53
فرێ یەعنی فریشتە ........ 57
ڕۆژی دزینی دەسرەکان و ماچە حەرامەکانی باوکم ........ 63
پێڵاو ........ 67
مردی کە همیشە همراه اسبهای خیالیش پرواز می کرد ........ 69
روشنایی زنی تاریک ........ 73
ورتە ورتەکانی تەنیایی ........ 77